رۆژنامەیەکی
هەفتانەی گشتیە

لە دار الجماهیر
دەرئەچێ‌و
لە دار الحریە
چاپ ئەکرێ

هاوکاری

التضامن

ژمارە (٢٢٤) ٢٨-٦-١٩٧٤

نرخی (٢٥) فلسە

تەلەفۆن ٢٠٣٦٥

لەم ژمارەیەدا :

- رژێمی بەکرێ‌گیراوی تاران گوێ‌نادات‌ە پێویستی گەلانی ئێران لاپەرە - ٢
- ناودارانی کورد - شیخ لەتیفی دانساز لاپەرە - ٣
- مولانا خالید لاپەرە -٤
- لایەنێك لەباوەڕی یەزیدی‌یەکان لاپەرە - ٥
- راوە بەرازەکەی چەمی تانجەرۆ لاپەرە - ٦
- مێژوی مادو چەند بابەتێکی تر ئەخوێنیتەوە ٠

ماموستا میشیل عفلق بەغدای بەجێ هێشت

پاش‌نیوەرۆی ٢٥-٦ ماموستا میشـــیل عفلق سکرتیری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دوای سەردانە حەوت رۆژیەکەی بۆ عیراق بەغـدای بەجێ‌هێشت‌و بۆ بیروت گەرایەوە ٠ ماموستا میشیل عفلق لەو سەردانەیدا دکتور عبدالوهاب کیالی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی لەگەڵدا بوو ٠

ئا٠د٠ع

ماموستا صدام بەسەردانێکی گرنگ لە جەزایرە

١٢٠ بەکرێ‌گیراوی دەزگا جاسوسی‌یەکانی سەهیونی لە لوبنان گیراون

دوو مەرسومی جمهوری

ئێوارەی ٢٣-٦ مەرسومێکی جمهوری دەرچـوو دەربارەی دانانی کاك مرتضی سعید عبدالباقی بـەبالیۆز لە مۆسکو ئەمەش تەواوی مەرسومەکەیە :

بەنـاوی خــوای بەخشندەو میهرەبان

مەرسومی جمهوری

بەپێی ناوەرۆکی برگە (د) و (و) لە بەندی (٥٨)ی دەستوری وەختی بریارمان دا کە :

مرتضی ســعید عبدالباقی لەوەزیری دەرەوە لابردرێ‌و دابنرێ‌بە بالیۆزی کۆماری عیراق لـەیەکێتی سۆڤییەت‌دا ٠

لـە ٣ی مانگی جمادی دووەمی ســالی ١٣٩٤ی کۆچی بەرواری ٢٣ی مانگی حوزەیرانی ســالی ١٩٧٤ لەبەغدا نووسرا ٠

احمد حسن بكر
سەرکومار

هەروەها مەرسومێکی جمهوری تر دەرچوو دەربارەی دانانی کاك شاذل کاقە بــە وەزیری دەرەوەو ئەمەش تەواوی مەرسومەکەیە :-

بەناوی خوای میهرەبان

مەرسومی جمهوری

بەپێی ناوەرۆکی برگە (د) لــە بەندی (٥٨)ی دەستوری وەختی بریارمان‌دا کە :

شاذل جاسم طاقە ببێ‌بە وەزیری دەرەوە ٠

لـە ٣ی مانگی جمادی دووەمی ســالی ١٣٩٤ی کۆچی بەرامبەربە ٢٣ی مـاڵی حوزەیرانی سالی ١٩٧٤ لەبەغدا نووسرا ٠

احمد حسن بكر
سەرکومار

شۆڕشگێرانی "خلیج" لەچەند لایەکەوە

پەلاماری دوژمـن ئـەدەن

عەدەن : ئا٠د٠ع : بـەپێی‌بەیاننامەیەکی شۆڕشـگێرانی خلیج کەرۆژی ٢٣ - ٦ لەشاری‌عەدەن بلاوکرایەوە، پارتیزانانی بەرەی گـەلی رزگاری‌خوازی‌عوممان‌و خلیج لەسەرەتای ئەم مانگەوە چەند جارێك پەلاماری‌هێزەکانی دوژمنیـــان داوەو لەناوچەی خیصال‌و خورصولی‌وزۆزهەلاتی ظفار زیانی گەورەیان لە بەکرێ‌گیراوان داوە ٠

لەبەیاننامەکەدا نوسراوەکە :لە ٥-٦ شۆڕشگێران لەناوچەی خیصال ٣ سەنگەری دوژمنیان‌کاول‌کردو ئاگریان لـەخێوەتـەکانی بەرداو هەروەها لـە ٧-٦لەناوچەی‌ثمرخ‌چەند سەنگەرێکی تری دوژمنیان تێك‌دا ٠

وە لە ناوچەی خورصـــولی‌شۆڕشگێران ٤ ســەربازیان فەوتاندو ٣ سەنگەریان کاول-کردەوە ، لە ٧-٦ دا لەکاتێك‌دا دوژمن ویستی لەناوچەی ممر بێتەپێشەوە ، شــۆڕشگێران بەرەنگاری بوون‌و شــەرێکی گەورە لەنێوانیـــاندا رویداو دوژمن زیانێـــکی گـــەورەی پێ‌ئەیشت بەیاننامەکە لـــە کۆتاییدا نوسیویەتی‌کە لــەم هێرشەدا پێنج شۆڕشـگێر شەهید بوون ٠

○

ژاپون ٤٥٠ ملیۆن دۆلار بەیەکێتی سوڤیەت ئەدات

مۆسکۆ : ئەسۆشیێتدپریس: رۆژی ٢٦-٦ لە مۆســـکو بلاوکرایەوە کە ژاپون بریاری- داوە قەرزێکی ٤٥٠ ملیـــون دۆلاوی بەیەکێتی سۆڤییـــەت بدات ٠ وە بـــەو پارەیە سۆڤییەت شتومەك لـــە ژاپۆن ئەکرێ‌و بریاروایە مۆسکو ئەو قەرزە بەخەلوز پر بکاتەوە ٠

سەرۆکی ریژیمـی یەمەنی ژوروو دیدەنی سعودیە ئەکات

صنعاء : ئا٠د٠ع : رۆژی ٢٦-٦ رۆژنامەکانی یەمـەنی ژوورو بلاویان‌کردەوە کە مقدم ابراهیم حمـــدی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بـەم زوانە سەر لەسعودی‌یە ئەدات‌و لەوێوە دیدەنی چەند ولاتێـکی تری عەرەب ئەکات ٠

وەبەپێی هەوالەکانی یەمەن مقدم ابراهیم لەو سەردانەیدا رووداوەکانی ئەم دواییــەی - صنعاء - بۆ کاربەدەستانی عەرەب رون ئەکاتەوە ٠

رۆژی چوارشـەممە ٢٦-٦ماموستا صدام حسین جێگری‌سەرۆکی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شورش بەسەردانێکی‌رەسمی وە لەسەر داخوازی‌بەرێز هواری بومیـدینی سەرۆکی جەزایر ، لەگـــەل‌وەفدێکدا بەرەو جـــەزایر کەوتەرێ وە دەربارەی ئـەو سەردانە ئـــەم بەیاننامەیەی‌خوارەوە بلاوکرایەوە :

لەپێنـــاوی پتەوکردنی پەیوەندی برایانـــەو هاوکاری نێوان کۆماری عیراق‌و کۆماری دیموکراتی گـەلی جەزایر ، وە لەسەر داخوازی بەرێز هواری بومیدین سەرۆکی ئەنجـومەنی شورش بەرێز صدام حسـین جێگری سەرۆکی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شورش لەگـەل وەفدیکا بەسەردانێکی رەسمی کە چەند رۆژیك ئەخایەنی لەم رۆوە (چوارشـــەممە ٢٦-٦) سەر لە جەزایر ئەدات ٠

ئەوەی شایانی باســـە ماموستا صدام حســـین لەسەعات سێ‌و ٤٥ دەقیقــەی پاش نیوەرۆی ٢٦-٦ گەیشتە فرۆکەخانەی - دار البیضاء ـی جەزایرو لەوێ لەلایەن بەرێـز احمد مدغری ئەندامی ئەنجوـ مەنی شورش‌و وەزیری ناوخۆو دکتۆر عمر بوجـلاب وەزیری تەندروستی‌و آیە مسـعودان وزیری پۆستەو هاتوچـــۆو العیاشی‌باکر وەزیری بازرگانی و عبدالملك احمد یاســـین بالیۆزی کۆماری عیـــراق لەجەزایرو عثمان ســعدی بالیۆزی جەزایر لەعیـــراق پێشوازی کرا ٠

وە لـــە هۆلی پشودانی فروکەخانەکە ماموستا صدام بەرۆژنامە نووسانی‌وت کــە جەزایر شوێنێکی تایبەتی هەیە لە دلی‌عەرەبدا بەتایبەتی کــە ئەو گەلە پالەوانە دلێرانە بەگژ ئیمپریالیزم‌دا چوو ولاتەکـــەی رزگارکرد ٠

سەر لەئێوارەش ماموســـتا صدام گەشتێکی ســـەعات‌و نیوی بە شـــاری جەزایردا کرد ٠

ماموستا صـــدام لەو سەردانەیدا وەفدێکی لەگەلایە پێك‌هاتووە لە : بەرێز سعدون غیدان ئـەندامی ئەنجومەنـی سەرکردایەتی شورش‌و وەزیری ناوخۆ ، دکتور عـزت مصطفـی وەزیری تەندروستی‌و شـــاذل طاقە وەزیری دەرەوەو طـارق عزیز بەریوەبەری مەکـتەبی کاروباری گشتی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش‌و چەنـد کاربەدەستێکی ترو پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیـراق‌و ئیستگەو تەلەفزیون‌و سینەما٠

وە ئێوارەی ٢٧-٦ بەرێز هواری بومیدین ســەرۆکی جەزایر پێشوازی مامـوستا صدام‌و ئەو وەفدەی کـرد کـە لەگەلیدایەو لەدیدەنی‌یەکـەدا بەرێز جێگری ســـەرۆکی ئـــەنجومەنی سەرکردایەتـی شۆڕش سلاوی سەرۆك احمد حسن بکری بە ســــەرۆك بومیدین‌و گەلی جەزایـــر گەیاند ٠

وە هــــەردوو لاش لەو چاوپێ کەوتنەدا باسی پەیوەندی نێوان هەردوو ولات‌و بـــاری ناوچەی عەرەبیان کـــرد ٠٠ هەروەها هەردوو لا رایانگەیاند کە رووداوەکانی ئەم دواییـەی ناوچەی عەرەب‌و پتەوکـردنی هەلۆیستی عەرەب‌و چەسپاندنی کۆماری دیموکراتی گـــەلی بەگرنگ ئەزانن ٠

ئا٠د٠ع

١٢٠ بەکرێ‌گیراوی دەزگاجاسوسی‌یەکانی سەهیونی لە لوبنان گیراون

بیروت : ئا٠د٠ع : رۆژی ٢٣-٦ بلاوکرایەوەکەحکومەتی لوبنان چەند بیگانەیەکی گرتوە کە بەپەساپۆرتی ئەلەمانیـای رۆژئاواو بەریتانیاو سـوید بۆبیروت هاتون نیازی ئەمانـــە ئەوەبووە کە چـەند نەخشەیەك‌دژی ئاسایشی دەولەت جێ‌بەجێ بکەن ٠

بەلام دەزگاکانی ئاسایشـی لوبنان ئەوەیان-نەدرکاندوە کە ئایا ئەو گیراوانە ئـەو ١٢٠کەسەن کە سەرۆکی دایـەرەی سەربازی رێکخراوی رزگـاری‌خوازی‌فەلەستین لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا باسی‌کردبوون‌و وتبوی بۆ ئەوە هاتونـــەتە لوبنان کە چەند سەرکردەیەکی‌بەرگری فەلەستین لەناوبەرن ؟

لەلایەکی‌ترەوە ئەوگیراوانـەچەند شتێکیان پێ‌گیراوە کــە دەری ئەخات بەکرێ‌گیـــراوی‌دەزگا جاسوسی‌و تیرۆریستەکانی سەهیونین ٠

وە رۆژنامەی « اللواء » کە لەلوبنان دەرئەچی نووسیویەتی ئەلێ : چەند نەخشەو راپۆرتێك لەو بێگانانە گیراوە ئـــەو شوێنانەی تیادا دیاری‌کراوە کە پێیان‌سپێردراوە خراپەکـــاری تیادابکەن ٠

نیکسۆن گەیشتە مۆسکو

مۆسکۆ : تاس : ئاژانسەـ نیکسون تاوەکو ٣-٧ لەیەکێتی سۆڤییەت ئەمێنێتەوەو هنـری کیسـنجەری وەزیری دەرەوەو چـــەند کاربەدەستێکی تری لەگەلدایە ٠ وە لەو سەردانەدا لەگەل لیونێد بریجنێـــــف دەربارەی باری نێو دەولەتـان‌و پەیوەندی نێــــوان یەکێتی سۆڤییەت‌و ئەمەریکا وتووێژ ئەکات ٠ هەروەهـــا بریاریش وایە کـــــە چەند پەیمانێکی هاوکاری ئابوری‌و تەکنیـکی‌و زانستی لەگەل کاربەدەستانی ٠

کان : رۆژی چـــوار شەممەی رابوردوو ٢٦-٦ ریچــــــارد نیکسونی سەرۆکی ئەمەریـکا بەسەردانێکی ٠ رەسمی لەگەل وەفدێـکا چـــوو بۆ یەکێتــی سۆڤییەت ٠ نیکســـون رۆژی ٢٥-٦ لەشاری بروکســـێل لەکۆنگرەی بەرزی ولاتــــانی پەیمانی ئەتلەسی بەشـــدار بوو ٠ وە لەکۆنگرەکــــەدا بەرنامەو پروگرامێـــکی نوێی پەیمانەکە مۆرکرا ٠

ئاژانسی تاس ئـــــەلێ : مۆسکۆدا مۆر بکات ٠

بانقی دەولەتان ٤٠ ملیۆن دولار بە تورکیا ئەدات

هەفتەی رابوردوو لەشـاری ئەنقەرە بلاوکرایەوە کــە بانقی دەولەتان بریاری داوە (٤٠) ملیون دۆلار بەقەرز بە تورکیا بدات بۆ پەرەپێـــدانی باری ئابوری‌و پیشەسازی تورکیا ٠

وە ئەوپارەیە کە ئەدرێ بــە بانقی بەرهەم‌هێنانی(استثمار)ی تورکیا سودێکی ســـالانەی بـــەرادەی ٥ر٢٪ی لیـــــوە وەرئەگیرێ‌و ئەدرێ بە بانقـی دەولەتان ٠

کورتە هەواڵ

- بۆن : یونایتدپریس : رۆژی ٢٤-٦ بەرێز جۆزێف برۆز تیتو سەرۆکی یوگۆسلاڤیا لەگەل وەفدیکا بەسەردانێکی رەسمی چـــوو بۆ ئەلەمانیای رۆژئاوا ٠٠٠ ئەوەی شایانی‌باسە لە شەڕی دووەمی جیهانەوە ، ئەمە یەکــــەم جارە تیتو سەر لــە ئەلەمانیای رۆژئاوا ئەدات ٠
- جنێف : تاس : کۆنگرەی گشتی کاری دەولـــەتان رۆژی ٢٤-٦ بەتونــــدی نارەزایی دەربری دژی سیاســــەتی پێ‌شێل‌کردنی مافی ئادەمیزادە سەربەستی نەقابەکان کە میلیتاریستەکانی شیلی گرتویانەتە بەر ٠
- قاهیرە : ئا٠ر٠ن : دوێنێ کـاك انور ســـاداتی سەرۆکی میسر لەسەرەتای گەشــتێکدا بەرەو بۆخارستی پایتەختی رۆمانیـــــا کەوتە رێ ٠ لەوێشەوە سەر لە بولگاریا ئەدات ٠
- لەندەن : ئا٠د٠ف : بەپێی هەوالی رۆژنامەی دێلی ئیکسپریس‌و دێلی تێلگرافی لەندەنی لەم دواییەدا حکومەتی بەریتانیا لەژێرزەوی‌و لەناوچەی بیابانی نیفادا بۆمبایەکی ئۆتۆمی تەقاندۆتەوە ٠

رۆژنامەیەکی کوبا باسی سیاسەتی کۆماری دیموکراتی یەمەن ئەکات

هاڤانا : ٢٤ - ٦ نۆڤۆستی :رۆژنامەی « گرانما » کە لە کوبا دەرئەچێ بەبۆنـــەی بیرەوەری‌پێنج ساڵەی هاتنەسەر حوکمی لایەنی پێشکەوتن خواز لـــەرێکخراوی ســیاسی بـــەرەی نەتەوەیی یەمەنی دیموکراتدا ،نووسینێکی بلاوکردەوە تیایـدا وتی :-

کۆماری دیموکراتی گـــەلی یەمەن نموونەی هێـزە پێش- کەوتنخوازەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبە ، ئەو هێزانـــەی دژی دەســـەلاتی ئیمپریالیـــزم‌و کۆنەپەرستانی ناوخۆ تێ‌ئەکۆشن ٠٠٠ ئینجا رۆژنامەکە باســـی خەباتی بێ‌وچانی گەلی خواروی یەمەن ئەکات‌و ئەلێ :-

لەماوەی پێنج‌ساڵی رابوردودا چەندین گۆڕانی کۆمەلایـــەتی‌و ئابوری لەوڵاتدا وەدی‌هێنراون‌و لەمەیانی سیاسەتی دەرەوەشدا کوماری دیموکراتی گەلی یەمەن سیاسەتی (پتەوکردنی‌پەیوەندی هاوکـاری لەگـــەل ولاتانی سوشیالیست‌و ولاتانی سێ‌یەمی دنیاو پشتگیری‌کردنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی نیشـــتمانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکـــای لاتین ئەگرێتەبەر) ٠

شەش کەسی تر لە تاران تیرە باران کراون

پاریس : ٢٥ - ٦ ئا٠د٠ف :فیدراسیونی خوێندکارانی‌ئێران‌لە بەیاننامەیەکدا کە بەبۆنـەی سەردانی شا لەپاریس بلاوی‌کردەوە ، داوای لە رای گشتی‌فەرەنسا کرد کە ئاگاداری ئەو مەترسی‌یانە بن کە هەڕەشـــەلەژیان‌و چارەنووسی گیراوانی‌سیاسی ئەکات لەئێـران ٠ وە بەیاننامەکە وتی : بەهـەزاران‌گیراوی سیاسی لە زینــدان‌وسیاچالەکانی ئێراندا بەدرندە- ترین شێوە لەلایەن ســازمانی‌ئەمن‌و بەکرێ‌گیراوانی دەربارو ســـاواك سزاو ئەشکەنجـــە ئەدرێن ٠

لەلایەکی‌تریشەوە ، دوێنێ -٢٧-٦ خوێنــــدکارانی ئێران‌کۆبونەوەیەکی فراوانیان کـــرد بۆ نارەزایی دەربرین دژی ئـەوسیاسـەتە کوشــتن‌و برین‌وتیرۆرەی رێژیمی ئێران دژی هاوولاتیانی ئێران گرتویەتیـەبـەر ٠

ئەوەی شایانی باسە رۆژی٢٤-٦ شای ئێران بەسەردانێکی‌حەوت رۆژی چوو بۆ فەرەنساو لە سەردانەکەیدا لەگــــەل‌کاربەدەســـــتانی فەرەنســـادەربارەی پەیوەنــدی دوو قۆلی هەردوو دەولـەت‌و باری ئیستای‌نێو دەولەتان وتوویژ ئەکات ٠وە رۆژی چوار شــــەممەی رابوردوش لە شاری تاران بلاوکرایەوە کە شەش کــەسی ترلەتاران بەتۆمەتی ئەوەی گوایە بازرگانی‌یان بە تلیاکەوە کردوە‌تیرەباران‌کران ٠ بەم جــــورەلەماوەی دوو ساڵدا رێژیمـــی کۆنەپەرستی تاران بەتۆمــــەتی‌درۆوو دەلەسە ٢٣٦ کەســـی‌تیرەباران کردوە ٠

ڕێژیمی بەکرێگیراوی تاران گوێ ناداتە پێویستی گەلانی ئێران

هەرچەند دەربارەی ڕژێمی ئێستای تاران بنوسین و بە هەموو لایەکمان لە نەخشەو پیلانەکانی بدوێن و ماهیەتی ئەو ڕژێمە دەس نێژەی ئیمپریالیزم بۆ کۆمەلانی خەلك رون کەینەوە کەمە · ڕژێمی ئێستای تاران کە بەهۆی کودەتای شومی ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٣ هاتە سەر حوکم و بە زۆری سەرەنێزەی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند بە پشتیوانی ئەمەریکای ئاغای · لەو ساوە تا ئێستا بۆ قایم کردن و خۆ ڕاگرتنی خۆی هەموو چەشنە ئازارو ئەشکەنجەیەکی دژی گەلانی ئێران بەکار هێناوە ئەگەر بینین مێژووی هاتنە سەر حوکمی ئەو ڕژێمە موتالا بکەین یەکسال نابینین کە بە دەیان ڕۆلەی بەشەرەف بە دەستی ئەو فاشیستانە قەسابی نەکرابن هەموو زیندانەکان پڕن لە نیشتمان پەروەران کە زوربەی زۆریان لە ٢٠ ساڵەوە بگرە تا سی ساڵ لە مەوبەر هەروا لە زیندان لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاری ئەو دڕندە خوێن مژانەدا دەتلێنەوە ، تا ئێستا زیاتر لەدووسەد کەس لە ژێر جەزرەبە ڕزگاریان نەبووەو گیانیان بە نیشتمان سپاردوە ، بەکورتی لەپاش ڕوخانی حکومەتی نیشتمانی دکتور مصدق گەلانی ئێران کەوتونەتە بەر شالاوی ئەو ڕژێمە چەپەڵەو بەراست و بەچەپ لێیان دەداو دەستیان لێ ناپارێزی و ئێرانیشی کردۆتە مەیدانی ڕایەلکەی سیخورەکانی ئیمپریالیزم و بازاری بورژوازی بێگانەو لە هیچ تالان و بڕویەك دەستیان وە بەردەس ناهێنێ ·

لە لایەکی ترەوە لە ئێرانێکی فرە گەلدا کە بێجگە لەفارس گەلی کوردو ئازەری و بلوچ و عەرەبیشی تێدا دەژی و هیچ مافێکی نەتەوایەتیان پێ ڕەوانابینێ و هەمووی بەئێرانی و ئێرانیش هەمووی بەفارس دەزانێ هەر یەکێك لەو گەلانە داوای مافی نەتەوایەتی و تەنانەت مافی فەرهەنگیش بکا کە ئەورۆ سەرەتاترین مافە لە قەرنی بیستەما نەك هەر بەئاگرو ئاسن ولامی دەدرێتەوە بەلکو بە هەموو وزەو توانای خۆی بۆ تواندنەوەی هەول دەدا خۆ وشەی ئازادی و دژی ئیمپریالیستی لە دەم هەرکەس بێتە دەرێ حوکمی ئەدرێ بە ئیعدام و بەخشینی بۆ نی یە ، بەلام ئێستا بەرە بەرە زیاتر پەرە دەدا بە فاشیستی وە هەربەوەشەوە ناوەستێ و دەست درێژی دەکا بۆ گەلانی تری ئازادی خواز لە ڕۆژ هەلاتی ناوەراست دا ، لە هەر جێگایەك جولانەوەیەکی ئازادیخوازی و دژی کۆنەپەرستی لە ئارادا بێ ئەوە دەستێکی خۆی دەگەیەنێتێو ڕادەوەستێ · بەلام با بزانین ماهیەتی ئەو ڕژێمە چیەو بۆچی لە ڕۆژ هەلاتی ناوەراست بۆتەسەگی هارو بۆ بەرژەوەندی کێ هەول دەدا ..؟ واقیعیەیەتەکەی ئەوەیە ڕژێمی ئێستای تاران ئالقە لەگوێی ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایە بە سەدان ئالقەوهەوداوە بەوبوە بەستراوەتەوە وە بۆ هەموو ئەمرو فەرمانێکی ئیمپریالیزم دەس لە سەر سینگ و گوێ لەمستە ، ئیمپریالیزمیش هەم ئێستاو هەم لە داهاتوو دا نیازێکی زۆری بە نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەراست هەیە · ئەگەر ئەو نەوتەشیان بەئاسانی دەس نەکەوێ ئەوە زوربەی کارخانەکانیان ڕادەوەستێ کە ڕەگی حەیاتی ئیمپریالیزمە ، ئێستاش دەبینین هێزی ولاتانی خاوەن نەوت لە مەلبەندا وریا بوونەتەوەو چی دیکە ڕێگا نادەن نەوتەکەیان بە تالان بڕوا ، ئەگەر دەستیشیان بچێ هەر یەکجاری خۆمالی دەکەن ، هەروەکوو حکومەتی عیراق کردی و بەچاوی خۆیان دیتیان ئەوە مەترسیەکی زۆری وەبەر ئیمپریالیستەکان هێناوە بۆیە ئیمپریالیستەکان کەوتنە جم و جۆل و هەرەشەو گورەشەکردن و پەنا بردنە بەر هێزی نیزامی وزورە ملی · بەلام سەبارەت بەوەی کە دەیانزانی ناتوانن ڕاستەو خۆ هیچ بکەن زیاتر کەوتنە دەست بەپشتدا هێنانی ئێران و بایی ٣٠٠٠ ملیون دۆلاریان چەك بەقەرز بەسەردا دابڕاند و کردیان بەژاندارمی مەنتیقە ، لەو لاشەوە دەستیان کرد بەپێ هەلدان و شاخ و بال لێنانی و گوتیان ئێران بۆ چەند سالێك دەبێتە ولاتێکی خاوەن دەسەلاتی گەورە کە لەریزی ولاتانی خاوەن دەسەلات ئەژمێردرێ · بەلام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ باسی بکەین ئەو خەرجە بێ جێیەو ئکردەوەی بێ شەرمانەن کە ڕژێم دەگەل گەلانی ئێران دەیکا · لە ئێرانی ئەمرۆدا بە پیچەوانەی لاف و گەزافی دەرباروبلند گۆ بەکرێ گیراوەکان هەژاری و برسیەتی و ڕووت و ڕەجالی وبێ دەرەتانی لە زوربەی ناوچەکانی ئێران بەیەکجار زۆرەو ئەوە و هیچ باسی کوردستان و بلوجستانیش ناکەین کە لەو دوو ولاتەدا هەژاری وبی کاری هەر بەلێشاوە ·

کەمی ڕێگاو بان و نەخۆشخانەو مەدرەسەش ئەوە هەر باس ناکرێ ئەو سوپا دانیشانەی کە لە گوندەکان دەرس بە مندالان دەلێنەوە لە بەر بێ مەدرەسە مزگەوتیان لە نوێژ کەرو ئەهلی دین داگیر کردوە کەچی بە پیچەوانەی ویستی خەلك و پێویستیە کۆمەلایەتیەکان بایی ٣٠٠ هەزار ملیۆن دولار چەك و کەرەسەی شەری لە ئیمپریالیستەکان دەکرێ کە هیچ مەسلەحەتێکی گەلانی ئێرانی تێدا نی یە ئەو پارەیە لە کیسەی زەحمەتکێشانی ئێران و بەش خوراوانی ڕەش و ڕوت دەچێتە دەرەوە بو گیرفانی ئیمپریالیزمەکانە ·

م·م

بەرپا بوونی شۆڕش لە گینیا بیساو

* زریان *
کردویە بەکوردی

گینیا بیساو شۆڕشێکی بەردەوامە دژی ئیمپریالیزم

-٢-

لە ١٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٦ دا شۆڕشی چەکداری لە گینیا بیساو دا بە سەرۆکایەتی کابرال بەرپابوو ، هەرچەندە لە سەرتا دا جۆرەها گیروگرفت ئەهاتە بەردەم شۆڕشی گینی ، بەلام شۆڕشگێران بەشێوەیەکی جوامێرانە پارێزگاریان کردو ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەیان پێ ئەداو لە ناو کۆمەل ڕەگی پتر بلاو ئەبۆوە ، ئەمە درێژەی کێشا تا وەکو ساڵی ١٩٦١ کە یەکەم کۆنگرەی تیا دا گیراو ئامانجەکانی شۆڕش لەو کۆنگرەیەدا باشتر بۆ جەماوەر روون کرایەوە ·

پارتی ڕزگاری ئەفەریقا لە ١٩ی تەموزی ساڵی ١٩٦١ دا بریار نامەیەکی مێژوویی درکردو تیادا باسی جۆری تێکۆشان و بەردەوام بوونی شۆڕشی کردبوو ، وە ڕوونی کردبۆوە کە تێکۆشانی چەکداری بە پاڵ پشتی کۆمەلی هەژارو ڕەش و ڕووتەوە سەر هەلئەدات کە ئەوەش چاکترین ڕێگایە بۆ دەر هێنانی ڕەگ و ڕیشەی ئیمپریالیزم و داگیر کەران و بەدەست هێنانی سەر بە خۆیی نیشتمانی تەواو لە ولاتدا ..

هەروەها لەو بریار نامەیە دا ڕاگەیاندرا کە شۆڕش لە سەرەتایی بەرپا بوونی یەوە شۆڕشێکی دیموکراتی بوەو دژی ئیمپریالیزم و داگیر کەری پورتوگال تێکۆشاوە .. شۆڕشگێران هەر لەبەرپا بوونی شۆڕشەوە تاوەکو ئێستا بە گیانێکی فیداکاریەوە خەبات دەکەن · وە دژی داگیرکەر ڕاوەستاون · وە چەندەها هێرشیان بردۆتە سەر هێزی پورتوگال و جۆرەها کەمینیان بۆ ناوەتەوەو لە ئەنجامی ئەم هێرشانەیان دا زیانێکی زۆریان لە هێزی پورتوگال دا وەو دەستیان بە سەر چەند چەکێکی گەورەدا گرتووە .. شۆڕشی چەکداری گینیا بیساو بەهۆی پارتی بیاجیکی پێشرەویەوە بەردەوام لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی تر دەچن ، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەژنۆی ئیمپریالیزم و داگیر کەران بلەرزێنێ و کەلێ ڕێگای نالەبار بگرێتەبەر بۆ ئەوەی شۆڕش لەناو بەرێت ..

لە ماوەی ڕابردوو دا پورتوگال ٣٠ هەزار سەربازو ١٥ هەزار بەکرێ گیراوی ناردە سەر شۆڕشگێران بە نیازی ئەوەی شۆڕشگێران سەرکوت بکاو شۆڕش دا بمرکێنێتەوە ، بەلام نەیزانی تێکۆشەران بەرامبەر بەوجۆرە هێرشانەوە بەرنادەن بەلکو وزەیان پتر بەرز ئەبێتەوە وزیاتر هەوڵی سەرکەوتن دە دەن ، ناچار داگیر کەری پورتوگال دەستی کرد بە کوشتن و گرتنی دانیشتوان و دەستی لە هیچ شتێك نە دە پاراست و پیاو ومندال وژنی وە کو یەك بە سەریەکدا دە ترشاند بۆ ئەوەی چاوی شۆڕشگێران بترسێنێ دابینیان بکات ، بەلام تاوەکو ئێستا تێکۆشەرانی گینیا بیساو توانیویانە سێ یەکی ولاتەکەیان ڕزگار بکەن و لەژێر ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەدا دەری بهێنن ·

لە تەموزی ساڵی ١٩٧٤ دا سوپای ڕزگاری میللی لەگینیا بیساو هێرشێکی گەورەی بردە سەر ئوردوگای گیلدج و بە چەندەها سەربازیان تیا دا کوشت و بەدیل گرت .. وە لەکۆتایی ئەم شەڕەیان دا دەسەلاتی پورتوگالیان ناچار کرد هێزی سوپایی لە لادێکانەوە بگوازێتەوە بۆ پایتەخت بۆ ئەوەی پایتەخت لە هەلمەتی جەنگاوەران بپارێزێت و دەسەلاتی خۆی لەوێ بە هێز بکات .. لە دوای گەرانەوەی هێزی پورتوگال بۆ پایتەخت دەستی کرد بە دانانی قەسابخانە بۆ نیشتمان پەروەران و بە هەزارەها کەسی تیادا سەرئەبڕی و دەکوشت کە ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی ڕای گشتی جیهان و ئاشتی جیهانی بێزاری خۆیان بەرامبەر بەو کردەوەدڕندانەیە دەربڕن و لە زوربەی

ولاتاندا خۆپیشان دانی گەورەدژی دەسەلاتی پورتوگال ڕێك بخرێ ..

دەولەتە سۆشیالیستەکان وەکو پالپشتێك لەپشت شۆڕشگێرانی گینیا بیساوەوەن و بە جۆرەها شێوە یارمەتیان ئەدەن بۆ ئەوەی شۆڕشەکەیان بەردەوام و سەرکەوتو تر بێت ·

دەسکەوتەکانی شۆڕش

ماوەی هەژدە ساڵە شۆڕشی گینیا بیساو بە سەرۆکایەتی پارتی یە پێشرەوەکەی بەردەوامەو بە هەزارەها قوربانی لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕش دراوە و تێکۆشەران لەو ماوەیەدا توانیویانە سێ یەکی ولاتەکەیان ڕزگار بکەن و سێ لیژنەی شۆڕشگێری پێك بهێنن کە هەر یەکەیان سێ کادری لێهاتووی سیاسی و عەسکەری و کۆمەلایەتی ئەیبەن بەڕێوە .. هەروەها شۆڕش توانیویەتی لە شوێنە ئازاد کراوەکاندا قوتابخانە بۆ کادرە سیاسیەکان بکاتەوەلەگەل ١٥٦ قوتابخانەی خوێندنی سەرەتایی کە ١٥٠٠٠ قوتابی تێدا فێری خوێندن دەبن · وە دیسانەوە (١٥٠) مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی لە ماوەیەکی کەمدا دەرچون ئەمەجگە لەو کادرانەی کە پارتی بیاجیك ناردونیە دەرەوە بۆدەولەتە سۆشیالیستەکان بۆ ئەوەی لە زانیاری تازەدا کەلكوەربگرن و بتوانن لە پاشە ڕۆژدا خزمەتی گەلەکەیانی پێ بکەن ..

لە میانی کشتوکالیش دا پارتی بیاجیك یارمەتیەکی زۆری جوتیارو ڕەش و ڕووتانی لادێکانی داوەو بەهەموو توانایەکەوە یارمەتی جوتیارانی لە باری ئابوریەوە داوەو کێلگەکانی بۆ ڕێك کردون و گورانێکی نوێی لە روی ئابووری و ئیداری سیاسی لە ولاتدا بەرپا کردوە .. جگە لەو دەسکەوتە بە نرخانەی شۆڕشی گینی بەرابەری پارتی ڕزگاری ئەفەریقاو سەرۆکایەتی کابرال توانی دەنگی دلێری خۆی بە گەلانی جیهان بگەیەنێ و ئامانجەکانی شۆڕش ڕوون بکاتەوە ، بە تایبەتی لەو کاتەی دا کە سەرۆك کابرال بە ولاتە سۆشیالیستەکاندا گەڕاو دەربارەی شۆڕش و تووێژی لەگەل لێپرسراوانی ئەو ناوچانەدا کرد ، وە هەروەها کابرال دەری خستبو کە شۆڕشی گینی بەشێکە لە جولانەوەی شۆڕشگێری جیهانی دژی ئیمپریالیزم و داگیر کەران ، بەتایبەتی دژی دەسەلاتە کۆنەپەرستەکەی ڕژێمی پورتوگالی داگیر کەر ·

ماویەتی

شۆڕشی زەفارو تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر تێکۆشانی دا

* دلۆڤان *
ئامادەی کردوە

شۆڕشی زەفار سەرەڕای ئەو زروفە دژوارەی بەسەریدا تێ ئەپەرێت بێ وچان دلێرانە دژی ئیمپریالیزم و داگیر کەران و هەموو ڕژێمە دیکتاتوریەکانی ئەو ناوچەیە بۆ پێشەوە هەنگاو ئەنێت .. شۆڕشگێرانی زەفار تاوەکو دێت زیاتر گیانی خۆبەخت کردنیان لا زیاتر دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ سوورتر ئەبن لەسەر داوا ڕەواکانی گەلەکەیان ...

لە ماوەی ڕابردوودا هێزی ڕزگاری میللی زەفار بە شێوەیەکی پالەوانانە گەلێك سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە تەنانەت توانیویانە لە ٩٠٪ی لادێکانی زەفار ڕزگار بکەن و بەرەو ڕێڕەوێکی تازەیان بەرن جگە لەوەی کە توانیویانە لە زۆر شوێنی تردا دژی هێزی داگیر کەر ڕاوەستن و بە چەندەها فرۆکەی هەلیکوپتەر بەر بدەنەوە ...

سەرکەوتن و بەردەوام بوونی شۆڕش لە زەفاردا گومانی تێدا نی یە کە نیازی ڕژێمی ئێران پوچ ئەکاتەوە کە تەمای ئەوەی هەیە بەسەر شۆڕشگێراندا سەربکەوێ و شۆڕش لە ڕەگ و ڕیشە دەربهێنێ و دەسەلاتی خۆی لەو ناوچەیەدا بسەپێنێ ..

هەر لەبەر ئەوەشە ڕژێمەدیکتاتۆریەکەی ئێران بەردەوام هێزی عەسکەری خۆی لەوناوچەیەدا پتر ئەکاو ڕۆژ بەڕۆژ چەندەها سەرباز بۆ شەرئەنێری ، ئەوەی ئاشکرایە لەو ماوەیەدا ڕژێمی ئێران (١١)هەزار سەربازو (٣٠) فرۆکەی شەری چەشنی فانتوم و چەندتۆپێکی قورسی ناردۆتە سەر

شۆڕشگێرانی زەفار کە ڕاستەوخۆ ئەم هێزە بە تارانەوە بەستراوەو بە پێی فەرمانی کار بەدەستانی تاران ڕەفتار دەکەن .. بەلام لەگەل ئەوهەموو هێزو چەکەدا کۆنەپەرستان نەیان توانیوە تائێستابە سەر شۆڕشگێرانی زەفاردا سەر بکەون تەنانەت ئەو هێزەبێگانەیە لەسەر هێلی سووردا بە ڕۆژ خۆیان ئەشارنەوە تەنیابەهۆی فرۆکەی هیلیکوپتەر هاتوو چۆ دەکەن خۆ بە شەوهەر مەپرسە ئەوا کونە مشکیان لێ بووە بە قەیسەری و ناتوانن لە ترسی شۆڕشگێران لە سەنگەرەکانیان سەر بهێننەدەروە .. سەرەڕای ئەو هەموو یارمەتی دانەی ڕژێمی ئێران وزوربەی دەسەلاتدارە دیکتاتۆرەکانی دەوروبەری ئەو ناوچەیەکە بۆ قابوسی ئەنێرن ، نەیان توانیوە توزی لەوزەو بیروباوەڕی شۆڕشگێرەکان کەم بکەنەوە ، بەلکو ڕۆژ بە ڕۆژزیاتر هانیان ئەدات بۆ خۆراگرتن و بەردەوام بوونیان لە پێناوی مسۆگەر کردنی ئامانجەکانی شۆڕش و ڕزگارکردنی ولات لە دەست خوێن ڕێژان و داگیر کەران ، شۆڕشی زەفار هەر چەندە هەندێ جار توشی گیروگرفت و کوشتن و لێدان دێت بەلام توانیویەتی خۆی بەرامبەر ئەو تەنگوچەلەمانە ڕابگرێت و بەردەوام بێت لە تێکوشان و هەولدان بۆ بێهێزکردن و نەهێشتنی ڕژێمی دیکتاتوری لە ولاتەکەیان داوسەرکوت کردنی هێزەکانی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران ..

کە شیرازەی حوکم تێکچوو ، باری سیاسی ناو خۆ لەولاتا ئالۆزا برسێتی و بێکاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و هەزاران دەردی کوشندەتر پەیدا ئەبن .. هەموو کەم و کورتی و گیرو گرفتێکی کۆمەلایەتی جەمسەرەکەی بە باری سیاسی ولاتەوە بەندە .. ڕژێمی حەبەشەو دەسەلاتداریتی هیلاسیلاسی چونکە ناتوانێ خزمەتی ڕەنجبەرانی ولاتەکەی بکات و لە مەترسی مردن و برسێتی ڕزگاریان بکات ، ئەوەتا بەم جۆرە ڕوالەتی برسێتی لە بەشێکی ولاتی حەبەشەدا ئەبینن ئاخۆ بەشەکانی تری چۆن بێ ..؟

بەبۆنەی تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی وەختی ڤێتناما

م·ح
ئامادەی کردوە

لە هەفتەی ڕابردوو دا زوربەی گەلانی جیهان خۆپیشاندانێکی گەورەیان بە بۆنەی هەفتەی هاوکاریەوە بەرپاکرد · لە خۆپیشاندانەکاندا دروشمی هاوکاری گەلی ڤێتنام بەرزکرا بووە کە ماوەیەکی درێژە گەلی ڤێتنام لە تێکۆشانێکی سەخت دا یە بۆ وە دەست هێنانی ڕزگاری و پەرەسەندنی ئاشتی لە ولات دا .. هەفتەی هاوکاری لە ڤێتنام دا لەرۆژی یەکەمی حوزەیرانەوە تا وەکو حەوتەمین ڕۆژی حوزەیران بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ٥ ساڵ بە سەر دامەزراندنی حکومەتی وەختی ڤێتنام بەردەوام ئەبێت·· دامەزراندنی حکومەتی وەختی لە ڤێتنام لە ئەنجامی خەباتکردنێکی بەردەوام وەفیداکاری یەکی زۆر هاتە دی گەلی ڤێتنام بە سەرۆکایەتی بەرەی ڕزگاریخوازی ڤێتنامی توانیان لە ڕۆژی ٦ ـ ٨ی حوزیرانی ساڵی ١٩٦٩ گونگرەیەکی مێژوویی ببەستن بۆ پێك هێنانی حکومەتی وەختی لە ڤێتنامدا ، کە بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر لە ٤٠ دەولەتدان بەو حکومەتە دا بنێن ·· بەم بۆنەیەوە ئەندامانی لیژنەی تەنفیزی یەکێتی کرێکاران کە پێك هاتبون لە (لی های) و (نگوین فان هونگ) بە شێوەیەکی زانستیانە لە باری ناو خۆی ولات دوان و چەند لایەنێکیان بۆ گەلان روون کردەوە وتیان :

ماوەی سالێك زیاترە کە ڕێکەوتنی پاریس مۆر کراوە کە چی تاوە کو ئێستاش ئاشتی لە ولات دا دەر نەکەوتووەو شەر کردن بەردەوامە کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەندی ڕێککەوتنەکە بشکێ و پەیرەوی ئاشتی نەکرێت ، بێ گومان کاربەدەستانی سایگون دەورێکی بالایان هەیە لە شەڕو ئاژاوەو ناکۆکی نانەوە لە ڤێتنام دا ئەوەش لەوە دا دەر دەکەوێت کە زیاتر لە ٤٠ جار کار بە دەستانی سایگون بە هێزو سوپایەکی زۆرەوە هێرشیان بردۆتە سەر شوێنە ئازاد کراوەکان ، جگە لە هێرش بردنە سەر دانیشتوان کە بۆتە هۆی کوشتن و گرتنی سەدان بێ تاوان و بێ لایەن ، گەر لەوماوەیەدا تەماشای باری ناوخۆی ڤێتنام بکەین ئەبینین بەندیخانەکان پڕ کراون لە بەندو جمەیان دێت ، وە ئەوەی کە لە وماوەیەدا زانداروە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار بەند بە تاوانی شۆڕشگێری لە ولات داگیراون لەلایەکی ترە وە ئێستا ٢٥٠ هەزار سەربازی ئەمەریکا بە جل و بەرگی مولکیەوە لە ناو شارەکاندا ئەسورێنەوەو بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێت باری ناو خۆی ولات تێك بدەن ·

هەروەها لە باسی بەرەنگار بوونیان دژی هێزی ئەمەریکاو سایگون لە شوێنە ئازاد کراوەکاندا (لی های) وتی :

لاپەرە ل - ٧ -

لەگەڵ ناوداران

هەندێك هەن کە خوا بەهرەی پێ بەخشیون نەك هەر لە سەریکەوە ، بەڵکو لەگەڵێك سەرەوە جا ئەگەر ئەو کەسانە لە شوێنی خۆیانـدا بونایە ، یاخود بەلای کەمەوە لەشوێنێکی وەهادا بونایە کە رێزو قەدری توانین‌و زانینەکەیان بگیرایە ، ئەوساکە ئەوانە سوودیان زۆر ئەبوو بۆ گەلەکەیان‌و خێریان ئەبەخشیەوە بۆ هەمو کەسێك بەڵام بەداخەوە ئەوانەی لەم بابەتەن‌و لەناو میلەتە جێماوەکاندا سەر هەڵئەدەن ، نەك هەر دوژمنانی ئەو میللەتانە بەربەرەکانیان ئەکەن ، بەڵکو بەداخەوە هاومال‌و دراوسێ‌و ناسیاویش بەرامبەریان ئەوەستن ، وە لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی ، شێخ لەتیفی دانساز بەرامبەر بە هەمو نارەحەتیەك وەستاو بەسەر هەمو کۆسپ‌و کەندەلانێکدا تێپەڕی ، ئەوەی لەتوانایدابوو کردی‌و هێنایە بەرهەم . بەوە ناوێك‌وجێماوێکی نەمری بۆ خۆی بەجێ هێشت .

شێخ لەتیفی دانساز

جەمال بابان

شێخ لەتیف کوڕی شێخ عەبدول کەریم کوری شێخ عەبدول قادری موهاجیرە ، ئەم شێخی موهاجیرە هاوتەمەنی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بووە ساڵی ١٣٠٣ هـ دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا بۆیە پێیان ئەووت (مهاجر) چونکە لە ئەنجامی هەرایەکی ئاینی یاخود مەزهەبیدا ، شاری (سنە)ی ئێرانی بەجێ هێشت‌و هات لە شاری سلێمانیدا دانیشت ، لەبن‌و بنچینەدا ئەم شێخانە ئەچنەوە سەر بنەماڵەی (مردۆخ) ، کە گەڵێك پیاوی ناودارو زانای لێ هەڵکەوتوە .

لەدایك بوون‌و خوێندن‌و پێگەیشتنی شێخ لەتیف :

شێخ لەتیف لە سلێمانی لەنیوەی دووهەمی سەدەمی نۆزدەهەم بەدواوە هاتۆتە دنیاوە هەر بەمناڵی هێشتا زۆر فامی نەکردبووەوە کە شیخ کەریمی باوکی فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا ، ئەوسا خزمەکانیان باڵیان گرت بەسەر خۆی‌و شێخ عەبدول رەحیمی برایدا ، لەپێش هەموویانەوە شێخ عەبدول غەنی ئامۆزایان ، ئەم شێخ غەنیەش پیاوێکی زرنگ‌و لێهاتوو بوو پێنج شەش هەرزمانی بێگانەی ئەزانی وەك ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی هاوڕێ‌و هاودەمی مەحمود پاشای جاف بوو ، تاکو لەچوونەکەیدا بۆ ئەستامبولیش لەگەڵیدا بوو .

شێخ لەتیف دەرسە ئاینیەکانی لە هەڵەبجەو قزرابات‌و کەرکوك تەواو کرد ، دوای تەواوکردنی خوێندن‌و (اجازە) وەرگرتن گەڕایەوە سلێمانی ، بۆ ئەو مزگەوتەی کە باوکی مامۆستابوو تیایدا ، دوای ئەوەی بەینێك مایەوە ، هەستا چوو بۆ (سنە) ، هەرچەندەزۆریش لەوێ نەمایەوە بەلام لەوێ دامەزرا بە قازی‌و بەمامۆستای خەتی فارسی ، دوای چەند مانگێك سنەی بەجێ هێشت هەستا هاتەوە بۆ سلێمانی ، ئیتر ئەوەندەی نەبرد کەئاگری شەڕی گەورەی یەکەم لە جیهاندا هەڵگیرساو دەوڵەتی عوسمانی کە دەستی بەسەر زوربەی ئەم وڵاتانەدا گرتبوو ، دەستی کرد بە سەرباز گرتن کە چاووگی شەڕی پێ خۆش بکات ، شێخ لەتیف لەناوا خۆی شاردەوە ، لەم ماوەیەدا دەستی دایە مۆر هەڵکەندن‌و زەرد دارشتن‌و قەڵەمبڕ دروست کردن بەم جۆرە خۆی‌و کەسوکاری بەرێوەبردو نەیهێشت زۆرسەغڵەتی بچێژن .

زیرەکی‌و زرنگی شێخ لەتیف

دوای ئەوەی فرۆکەکانی ئینگلیز دەستیان کرد بە بۆمباردومانی شاری سلیمانی لە چواری مارتی ساڵی ١٩٢٣دا ، لەو کاتەدا شێخ مەحموودیش شاری سلێمانی بەجێهێشتبوو خۆی چوبوە دێی (جاسەنە) ، ناچار زۆری دانیشتوانیش شارەکەیان بەجێهێشت . یەکێك لەوانەی دوورکەوتنەوە ، شێخ لەتیف بوو کە هەستاچوو بۆ هەلەبجەو لەوێوە بۆ (بیارە) بۆ ناوشێخەکانی ئەوێ . لەم کاتەدا ناسیاوی لەگەڵ یەکێکدا پەیداکرد کە هاتبوو ، دان بۆ (شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی) و (جافرسان) دروست بکات هەرچەندە کابرا ئیشەکەی بەنەهێنی ئەکرد ، بەڵام شێخ لەتیف ئەوەندە دەورو خولی دا تاکو لیوەی فێربوو ، بەجۆرێك لەم دواییەدا کردی بەپیشەو حاکمی ئینگلیز لە سلێمانی بەمەی زانی ، فەرمانی گرتنی بۆ دەرکرد ، لە دواییدا شێخ عەلائەدینی بیارە تکای بۆ کرد بەرەڵلایان کرد ، نەك هەر ئەوەندە ، بەڵکو ئینگلیزەکان ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە بینێرن بۆ لندن بۆ فێربوونی زۆرتر ، بەڵام خۆی نەچوو ، هاتەوە سلێمانی‌و لەوێ دانیشت دوکانێکی سەعاتچیەتی کردەوە لەزەمانی (میجر سۆن) دا کە جارێك ئەچێتە دوکانەکەی ، ئەو مەقەستە سەرنجی رائەکێشێت کە خۆی دروستی کردبوو ، لەسەری نوسیبوو (دستکردی) عبداللطیف ـ کردستان) ، کە پارچە ئاسنی سەعاتی پێ ئەبڕیەوە .

شێخ لەتیف لە دارتاشیشدا دەستێکی باڵای هەبوو ، گەلێك شتی‌جوان‌و رازاوەی لە تەختە دروست ئەکرد ، هەروەها لە کاروباری میکانیکدا شارەزاییەکی زۆری پەیدا کردبوو . بەجۆرێك گەلێك تفەنگ‌و دەمانچەی دروستکرد ، پێنج هەر تفەنگی دروست کردو بەخەتە جوانەکەی خۆشی ناوی خۆی‌و کوردوستانی لەسەر هەڵکەندبوون سەرەڕای ئەمانە هەمووی ماکینەیەکی قوماش چنینی دروست کرد ، هەروەها لەرۆژەکانی شەڕی گەورەی دووهەمدا کە ژێر پیاڵە قات بوبوو ، شێخ لەتیف لەشوشەی پەنجەرەی ژێرپیاڵەی دروست ئەکرد .

ئەوەی شایانی باسە ، باخەکەی شێخ لەتیف لەگەڕەکی (سەرگۆل) نزیك (گونجی حەسەن بەغدایی) لە سلێمانی، کەباخی وا رازاوەو رێك‌وپێك‌و هەمە جۆر دارو میوەی بەردارو گوڵ لە سلێمانیدا هەرنەبوو ، یاخود زۆرکەم بوو .

شێخ لەتیف لەرووی سیاسیشەوە ، پیاوێکی‌راست‌و پاكبوو ، لەخزمەت شێخ مەحمودی حەفیدا دلسوزانە رەنجاو یەکیكبوو لە ئەندامانی دامەزرینەری کۆمەڵێکی نیشتمانی‌ی کورد ، ئەوەبوو کەپێی زانرا ئەمری گرتنی دەرچو ، لەساڵی ١٩٣٩دا گیراو خرایە بەندیخانەوە ، هەرچەندە ئینگلیز ویستی سوود لەو کۆمەڵە وەربگرێت بۆ قانزاجی تایبەتی خۆی ، بەڵام ئەندامەکانی‌و لەپێش هەموویانەوەشێخ لەتیف ماوەیان نەدان کە ئەو خەوەیان بێتە دی .

شێخ لەتیف لەم ساڵانەی دواییدا ، خۆی بە دانسازیەوە خەریك کردبوو جگە لەوەی کە (تداوی) برینی ناودەمیشی ئەکرد ، تاکو لە رۆژی (١٨) مانگی مایسی ساڵی ١٩٤٨دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناو شێخ‌عەبدوڵلاو باباعلی‌و عثمان‌و فاروقی کوری لەدوا بەجێما ، کە هەموو شکور پێگەیشتوون .

دوای خۆشی شێخ عەبدوڵلای کوری هەر لەسەری رۆیشت‌و ئێستا دانسازە لە سلێمانی .

شێخ لەتیف جگە لەو پیشانەی پێشوو کەوتمان گەڵێك کارو فەرمانی تری‌دەستی فێربوبوو وەك سەعاتچیەتی ، ئەڵێن سەعاتێکی لە تەختە دروستکرد کە زۆرباش ئیشی ئەکرد ، جگە لەوەسکەی لێ ئەدا واتا پارەی دروست ئەکرد ، کە

شێخ لەتیفی دانساز

سەرنج

لە ژمارەی رابوردوودا پارچە شیعرێکی (توماس مۆر) مان بلاو کردەوە کە پیشەکیەکەی بۆ پارچە شیعریکی (لورد تنیسن) نووسرابو ٠٠ ئەو پیشەکی‌یە هینی ئەم پارچە شیعرەی ئیستای لورد تنیسن بوو ، ئەم پیشەکیەی ئیستاش هینی پارچە شیعرەکەی (توماس مۆر)ە ٠٠ داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەرێز ئەکەین .

ـ هاوکاری ـ

لەئەدەبیاتی بێگانە

م ـ ز

کردویە بەکوردی

(تۆماس مۆر) یەکێکە لەکەلە شاعیرانی قۆناغی نەوەی نوێی شیعری رومانتیکی ئینگلیزی ٠٠ ئەم شاعیرەیش وەك هاورێ رومانتیکیەکانی تر ، هەر هەمان خەم‌و هەر هەمان ئازارو ژانە شیرینەکەی شاعیرە دڵناسکەکانە ٠٠ لەلای ئەم شاعیرەدا بەهرەی سەرگوزشتە گێڕانەوەی بە شیعر خۆی بەو پەڕی لەوەندی‌یەوە ئەنوێنێ ، کە پەیوەندیەکی بە تینی لەگەڵ ئاوازو شیعرەکانی ئیرلەندی‌یەوە هەیە ٠٠ خۆشبەختی ئەم شاعیرە لەوەدایە ، کە تا ئێستا میللەتی ئیرلەندە ، شیعرەکانی لەسەر زارەو بە ئاوازەوە ئەیلێتەوە .

لورد تنیسن
١٨٠٩ـ١٨٩٢

فرمێسك

فرمێسك ٠٠ ئەو فرمێسکە بێ تاوو تەمبەڵە
نازانم ، واتەی چی ئەبەخشی !
فرمێسکێ کە لە ناخ نائومێدێیکی خواوەندانەی پیرۆزەوە
بۆ دڵ ئەگڕێ‌و لە چەقیا قەتیسك ئەداو ئەمینێ .
چەلێ کە چاو لە لەوەڕزاکانی‌خەزانی خۆشبەختا ئەگێرم
بیر لە رۆژانی رابردوێ فەرامۆش کراو ، ئەکەمەوە !!
ئەو نەمانی پشکوتوی وەك یەکەم تریسکەی پرتەداری
سەر پەردە
مزگێنی بە میهرەداران ئەدا ،
لە دوا ئاوەکانی ئەو پەڕی ئاسۆوە
تەریق‌و خەمناك ٠٠ وەك دوا تروسکەی سور هەڵگەڕاوی
سەر ئەو پەردەیە ، بەوانەی کە خۆشمان ئەوێ ،
نا ئەو پەڕی کەندو نەواڵەکان ،
نقوم ئەبێ و ئەخنکێ ٠٠٠٠
ئا بەم رەنگە چاو کزو سۆزناك‌و نەمامی پشکوتووەوە
ئەو رۆژانەی کە رۆیی و گەڕانەوەی بۆ نیە !!
ئاخ ! کە زۆر خەمگین‌و پەراگەندەیە ، وەك ئەو چریکە
ئاوازە خێرایەی

پرو نە ل ٧

بەبۆنەی ١٠٥ ساڵەی جەژنی رۆژنامەگەری لە وڵاتدا .

لە یادی رۆژنامەی دەست نووسدا

یەکجار مناڵ نەبووم کە بە کتێبخانەکەی خاڵما ئەگەرام‌و عەموو شتێکم تەماشا ئەکرد ، تەنانەت چەکمەجەی دوولابی کتێبەکانیشیم بە دزیەوە ئەکردوەو پەڕە بە پەڕە ئەو نووسراوانەی تیا بوو سەرنجم ئەدان ٠٠

ئەوسا لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم ٠٠ بەڵێ زۆر سەیر بوو بە لامەوە کە رۆژنامەیەکم بینی بە دەست نووسرا بۆوە و ناوی (پەیژە) بوو ، ئیتر کەمێك ئەم دیوو ئەو دیوم کردو لە شوێنی خۆی دام نایەوە ٠٠ ساڵان هات‌و رۆی چوومە قوتابخانەی ناوەندی ،

مارف ناسراو

تەواو ئارەزووی خوێندنەوەی کتێبە کوردی یەکان بووم ، بۆیە هەمیشە سەری کتێبخانەی گشتیم ئەداو چاوم بە رۆژنامەو گۆڤارە کۆنەکانی ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ دا ئەگێڕا بە راستی پشووی ئەو ساڵانەم خۆش رائەبوارد بە خوێندنەوەی گۆڤارەکانی گەلاوێژو نزارو رۆژنامەی‌ژیان وژین‌وکوردستان تام وچێژێکی ئەدەبی تایبەتیان هەبوو ، کە قوتابخانە دائەنرایەوە چەند برادەرێکم هەبوو وەك من حەزیان لە خوێندنەوە بوو جگە لەوەی کە هەستم کرد خەریکی دەرهێنانی رۆژنامەیەکی دەست نووسن‌و چەند ژمارەیەکیشیان لێ دەرکردوە ناوی (بەهاری رۆژنامە) بوو ٠٠ بابەتەکانی زۆرتر ئەدەبی بوون ، هەندێ جاریش بەتووڕەیی‌یەوە رەخنەی بەرێ‌و جێیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکاتە ئەگرت کە لە شێوەو دەرهێنان‌و نووسینەکانی نارەزابوون ٠ جا کە ئەو دەست نووسەم دی بیری رۆژنامەی دەست نووسی (پەیژە)م کەوتەوە کە کاتی خۆی لە ماڵی خاڵم دی بووم ، کەوتمە خولیای بینینەوەی ٠٠ کتێبخانەو ماڵی برادەران گەڕام دەستم نەکەوت کتێبخانەکەی خاڵیشم وەك هەموو کتێبەکانی تری ئەو خەڵکە لە ساڵی ئاڕ باران‌و وەیشوومەکەدا سوو تا بوو ٠٠ ئیتر گەڕان بە دوای رۆژنامەی دەست نووس‌و کاتی دەرکردنی ، بوو بە خولیام بۆ رۆژنامەی (پەیژە)ش وەك ووتم دەستم نەکەوت ، بەڵام لە دووایدا زانیم کە مامۆستا شاکر فەتاح لە سی‌یەکانا دەری کرد بو .

خۆزگە رۆژێکیش دا ئەنرا بۆ جەژنی رۆژنامەو گۆڤارە دەست نووسەکان ٠٠

چیرۆکی منالانە

رووپاك‌و پەروین دوو قوتابی زیرەك بوون‌و لەناو پۆلەکەیانا لە قوتابخانە دەرکەوتبوون ، مامۆستاکانیان زۆریان خۆش ئەویستن‌و رێزیان ئەگرتن‌و هەموو بەیانیەك رۆژباشیان لێ ئەکردن ٠٠ ئەم دوو خوشکە زۆر گوێ رایەڵ بوون‌و دەرسی ئەمرۆیان نەئەخستە سبەینێ ٠٠ هەندێ لە هاورێکانیان کە ژێر بون چاویان لە مان ئەکردو خۆیان بە کۆششەوە خەریك ئەکرد ٠٠ ئەو قوتابیانەش کە لاسارو بێ گوێ بوون سەرنجی ئەم دوو خوشکەیان نەئەداو چاویان لێ نە ئەکردن ٠٠

مانگ‌و رۆژ هات‌و چوو ٠٠ سەری ساڵ هاتە پێشەوە روپاك‌و پەروین بە شانازیەوە بڕوانامەی دەرچوونی خۆیانیان وەرگرت‌و رایان کردەوە بۆ ماڵەوە ، باوك‌و دایکیان خەڵاتیان کردن‌و ئەم لاو ئەو لایان ماچ کردن ٠٠

ئەو هاورێیانەشیان کە لە کاتی دەرس خوێندنەکەدا گوێیان بۆ قسەی‌مامۆستاکەیان نەئەگرت‌و سەیری یەکتریان ئەکردو دەمەلاسکێی یەکتریان ئەکردەوە هیچ لە دەرسەکانیان تێ نەگەیشتن‌و لە تاقی کردنەوەی سەری ساڵدا کەوتن ٠٠ کە رۆیشتنەوە بۆ ماڵەوەو ئەم هەواڵەیان بە باوکیان گەیاند باوك‌و دایکیان زۆر دڵتەنگ بوون‌و هیوایان بە کوڕەکانیان

بروانە ل : ـ٧ـ

دەریا خەمی منالەکان ئەشواتەوە

هەمزە عەلی ساڵح

نازدارەکەم
لە وەتەی هەم
لە دایك بوی ناو ئەم شارەم
پاپۆڕێکم ٠٠٠٠
مەلە لە ناو یادا ئەکەم
من ئەمەوێ ٠٠٠
ئاواتێ بم ٠٠٠
سنورەکانتان بشکێنم
لە وەتەی هەم ٠٠٠
پێناسەکەم ٠٠٠ بۆ شوێنی لە دایك بونە
بۆ گەڕانی دەوری شارێ پشکنینە
تاکو ئێستا کەس نەی توانی ٠٠ هەواڵی شار
بێ پەساپۆرت ٠٠٠ بێ ڕاوەستان
بگەیەنێ بە گشت جیهان
لە وەتەی هەم ٠٠٠ هاوار ئەکەم
کوا گۆرانی قوڕگی نوساوی رێبوارێ ؟
کوا مەشخەڵی رزگار بونی کرێکارێ ؟
کوا لێدانی زەنگی سەربەستی جوتیارێ ؟
کوانێ ٠٠ کوانێ ٠٠؟
نازدارەکەم
من بۆم هێناوی ئاگرێ
گشت نەخشەکان بسوتێنێ
تا نیوە شەو ٠٠٠٠
بەناو چاوی خەمەکانا ٠٠٠
دێم‌و دەچم
لەگەڵ (غەسان) پێ دەکەنم

پروانە ل ٧

لەئەدەبی بولگاریاوە :

گەلی تێکۆشەری بولگاریا یەکێك لە گەورە پیاوانی سوپای ئەم ساڵ (١٩٧٤) ئاهەنگی بولگاری‌و خزمەی گەل‌و ساز ئەکەن بە بۆنەی تێپەر نیشتمانەکەی بکات ولە ژێر بونی (١٤٠) ساڵ بەسەر لە چەوکی کۆنە پەرستی رژێمی

لیوبن کرا فیلۆف

شۆڕشگێڕو نووسەرو نیشتمان پەروەر

دایك بونو (٩٥) ساڵ بە سەر عوسمانی بۆگەن‌و خوێن‌پەرست مردنی نووسەری گەورە‌و رزگاری بکات ٠٠ نیشتمان پەروەری بە جەرگو هەر بۆ ئەمە هێنایە دی ئەم کۆڵنەدەر ـ لیوبن کرافیلۆف ـ مەبەستە لە ساڵی ١٨٥٧ ـ ناو براو لە شاری ـ کۆپر سەری هەڵگرت و بەرەو بەلکیستیا بۆ ماوەی (٥) ساڵ بەسەر بەلام هیچ لەوێشەوە خوێندنی سەرەتایی کامێك لە قوتابخانە جەنگیەکانی تەواو کردوە و قۆناغی (المدرسة الحربیة) روسیا ناوەندیشی لەشاری (بلو فدیف) وەریان نەگرت ٠٠ جا ناچار بۆ ئاواتی سەرەکی لە ژیانی ئەوە زانستگای (مۆسکۆ) بۆ بوە کە لە پاشە رۆژ بێت بە خوێندنی ـ مێژو ئەدەب ـ

لەو ماوەیەدا توانی ناسیاوی لەگەڵ تاقمێك لە شۆڕشگێرە ناودارەکانی ٠٠٠٠ روسیا دا پەیدا بکات .

دوا بە دوای ئەمە دەستی‌کرد بە بلاو کردنەوەی چامەی شۆڕشگێری‌و نووسینی ئەدەبی و فۆلکلۆری ٠٠ وگەلێك دراماو چیرۆکی بە نرخی نووسی‌و بلاو کردەوە ، کە بە ناو بانگەکەیان درامای (بولگاریا لە زەمانی کۆندا) بوو ٠٠ لەبەر ئەوەی کار بە دەستی رژێمی ئەو سای روسیا بە باشی رێزیان لێ نە ئەگرت ، مۆسکۆی بەجێهێشت بەرەو (بەلگراد) کەوتە رێ ٠٠ تا ماوەیەکی کەمیش لەم شارەدا نیشتەجێ بوو ، دوایی لەوێشەوە چوو بۆ شاری (سناد) و دەستی کرد بە بلاو کردنەوەی بیری شۆڕشگێری ونووسینی ئەدبی‌و کورتە چیرۆك ودراما بە زمانی سەربی (الصربیە) لە ساڵی (١٨٦٩)دا لیوبن کرا ڤیلۆڤ چوو بۆ بۆخارست ، روماڵیا) و بەدڵ‌و بەگیان یارمەتی شۆڕشگێرە ناودارەکانی دا وە لیفسکی‌و کریستۆ بۆتیف ، بە نیازی بە دێ هێنانی‌مافی رەوایان‌و بەهێز کردنی جووڵانەوەی رزگاری خوازی بولگاریا لە دژی کۆنە پەرستی عوسمانی ٠٠ (کرا ڤیلوف)ی نەبەزو هۆشمەند توانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ شۆڕشی بولگاریا پێك بهێنێ‌و خۆی سەرۆکایەتی پارتیەکە بکات٠٠ تەنیا ئامانجی سەرەکی ئەم پارتی‌یە ئەوە بوو کە وولات رزگار بکات‌و گەلانی بولقان بکات بە یەك پارچە ٠٠

(کرا ڤیلوف) بوو بە سەر نووسەرو لێ پرسراوی رۆژنامەی (سەر بە خۆیی) (الاستقلال) کە بە ناوی‌لیژنەی ناوەندی‌یەوە دەر ئەچوو وە هەر وەها دەستی کرد بە دەرکردنی

بروانە ل : ـ٧ـ

مەولانا خالید

مەجید نەعیم

ئەگەر سەرنجی لاپەڕەکانی مێژووی رۆشنبیرو زاناو شاعرو نیشتمان پەروەرانی نەتەوەکەمان بدەین ئەوەی کە ئەکەوێتە بەر چاومان دەیان شاعرو هەڵگری بڵێسەی روناك کەرەوەی رێگای زانستیو ئایینیو نیشتمانی وەك (حەزرەتی نالی دەربەدەرو) سالمی دەشتی « رەی » و حاجی قادری ئاوارەو « مەولانا خالدی » ئەمری نێژراوی شاری شامە ... کە ئەمەش هیچ جێگای سەرسوڕمان نیە چونکە وەك مێژوو رونی کردۆتەوەو ئەوەی خۆشمان بیستومانەو بەچاو دیومانە ئەوەیە ئەوانەی ویستبیتیان خزمەتی نیشتمانو نەتەوەو راستی بکەن هەمیشە دەر بە دەرو بێ دەرەتان بوون .. مەولاناش کە یەکێکە لەو هەستە جوانو بێ گەردە ئایینیەی بێ وچان خزمەتی مرۆڤو ئایینی ئیسلامی کردوە رۆژێك لە رۆژان دەستی ئۆخەیی‌و بەختیاری گوزەرانو حەوانەوەی نەخستۆ تەسەر دڵی‌و هەناسەیەکی خۆشی هەڵ نەکێشاوە .

مەولانا لەگەڵ ئەوەی رێ نیشاندەری « رێگای نەخشیە » زاناو بلیمەتێکی ئەدەبیش بوە سەر باقی ئەوەی کە هەمیشە خۆشەویستی نیشتمان ونەتەوەکەی ئا رێ بەرداوەتە ئەو تۆزە باخچە ئارامەی پەیدای کرد بێ هەر وەها وەك « مستەر ریچ » لە گەشتەکەی دا باسی ئەکات .. (میرەکانی بابان) زۆر رێزیان لێ گرتوەو هەموو کات چونەتە خزمەتی بۆ تەکبیرو وراو پرسیان پێ کردوە بەڵام وەك لە سەر زمان گێڕاوەتەوەو دە ماودەم کە وتوە کوایە ناکۆکیەك بوە لە میانەی « شیخ مارفی نۆدی‌و مەولانا خالد » دا وئەم ناکۆکیەش بو کە لە ئەنجام دا وای لە مەولانا کرد شاری « سلیمانی » جێ بهێڵی‌و بچێتە بەغداو نەگەڕێتەوە بۆ ولاتەکەی .. مامۆستا « شیخ محمدی خال » لە نوسینەکەی دا « الشیخ معروف النودهی » ئەم قسانەی هەموو بە درۆ خستۆتەوە ودووبارە ئەو نامەیەشی دەرخستوە کە « شیخ مارف » ناردۆیتی بۆ « مەولانا » لە « بەغدا » وداوای لێ کردوە کە بگەڕێتەوە بۆ شاری « سلیمانی » .

وەك مامۆستا « شیخ محمدی خال » باسی کردوە هەر لە نوسینی ناوبراو دا مەولانا خۆی لە هۆزی (جافە)و لە تیرەی « میکایەلی »ە وخەلکی ناوچەی « شارەزور »ە وهەرگیز حەوانەوەی نەبوەو دا نەنیشتوە بێ خزمەت .

ئەگەر سەرنجێکی ئەم شیعرەی خوارە وەشی بدەین کە « پیرەمیرد » لە فارسیەوە کردویە بە کوردی و « سالم » تەخمیسی کردوە .. ئەبینین خۆشەویستی نیشتمانو نەتەوە لای مەولانا شتێکی زۆر پیرۆزو بە نرخ بوە وهەمیشە بیری لێ کردۆتەوە .

رۆژی جەژنە من تەریك وبێ بەشی دیداری یار
خەلکی « خورەم » من بە خورەم ئاو لە چاوم دێتە خوار
گشت لە گەشتی دەشتە دا وێن پڕ گوڵاڵەی ئاڵ ومەن
ئەشکی سوری داخی دووری دەوری کردە لالە زار
بێ نەواو دڵ لە غەم کەیل وغەریب ودەردە مەند
دەست لە سەر دڵ سەر لە ئەژنۆ چاو لە رێگای پرسیار
دڵ سوتاو وجەرگ براو کۆلان بە کۆلان دەر بە دەر
کەس بە دەر دی من نەچێ دوور کەوتەیی یارو دیار
خوێنی دڵ وا هات بە چاوما بوو بە جۆگەی « بەکرە جۆ »
هەر دوو سەر چاوەی چەمێکن کردمە تاسەی سەرچنار
باوە مردەی « باوەمزدە »م (ئالبلاخە) چاوە کەم
خۆزگە ئەمبیست پێم بڵێنوا « باوە گێلدی » گەیە شار
پێم بڵێ « خالد » ئەگەر تو شێت نەبی وسەحرا نەوەرد
تۆ لە کوێ‌و « غەزنەین وکابول » خاکی « هیندو قەندەهار »

لام وایە « مەولانا » بە تەنیا ئەم شیعرەی نەوتبی .. وەك شاعرو رۆشن بیرانی ئەو سەردە مەخۆی بە ئەدەبیاتەوە خەریك کردوە .. بەڵام ئەڵێم بە داخەوە هیچ دور نیە کە ئەویش وەك شیعرەکانی « حەزرەتی نالی » کە لە شام وتونی فەوتابن ونەمابن . چونکە مەولاناش کاتێ کە بەغدا جێ ئەهێڵی دوا نامەکەی « شیخ مارفی نۆدی » بەرەو شام ئەکەوێتە رێ وشاری شام ئەکات بە جێگای ژیانی‌و لە ئەنجامدا بە نەخۆشی رشانەوە دڵە گەورەکەی لە لێدان ئەکەوێ وهەر لە وێ ئەنێژرێ .. ئەگەر چی ئەم نوسینە کە مەناتوانی باسی « مەولانا »مان بە تەواوی بۆ بکات بەڵام بە پێویستم زانی کە ئەم پیاوە مەزنەی (وەك مامۆستا شیخ محمدی خال) باسی ئەکات زیاتر لە (١٠٠) کتێبی لەسەر نوسراوە بە زمانی بێگانە) لە یاد نەکرێت بە تایبەتی لەبارەی ئەدەبەوە .

دارستانێکی دەسکرد لە قورنە

بەڕێوەبەرایەتی دارستانەکانی شاری بەسرا دەستی کردووە بە ئامادە کردنی زەوییەکی ٥٠٠ مەترەیی لە قەزای قورنە بۆ ئەوەی بیکات بە دارستان .. بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو وای نیازە لەو زەویە دا لە مانگی تشرینی یەکەمدا ١٠٠ هەزار نەمامی تیادا بنێژێت وە بڕیاری ئەوش داوە کە ٤٠ دارستانی بچوك لە نیوان بەسرەو سەفوان دا دروست بکات .

وەزارەتی شارەوانی زیاد لە٦٠ ملیون دیناری تەرخان کردوە بۆ گەیاندنی کارەبا بەهەمو دیهاتەکانی وڵات ، وە (٣٠) ملیون دیناری تریشی دا‌ناوە بۆ جێ بە جێ کردنی تەواو کردنی کۆمەڵی پرۆژەی‌شارەوانی لە پارێز گاکانی وڵات دا ، لەگەڵ ئەو پارانەش‌دا ٢٢ ملیون دیناری کەی داناوە بۆ ئەوە ئاوی‌خواردنەوە بگەیەنیتە زیاد لە ٦٠٠ دیهات ئەم پرۆژانە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی شارەوانی بۆ رۆژنامەی (الجمهوریە)ی باس کردووە .. لەو چاو پێکەوتنە داوتوو‌شیتی .. بۆ هێنانە دی عیراقیکی پێش کەوتوو رێك‌و‌پێك‌و پاك‌و تەمیز ، وە بۆ ئەوەی بتوانین لە ماوەیەکی کەمدا بیگەیەنینە ریزی

١٢ ملیۆن دینار بۆ کارەبا بردنە دیهاتەکان

پایتەختە پێشکەوتوکانی‌جیهان ، بە هەموو توانایەك هەوڵ ئەدەین ، هەوڵدانێك بە نەخشەکێشان‌و دوور بینیو ، رەنگ رشتن بۆ دوارۆژ ، لەم کارانە شدا‌ماندا حکومەتی شۆرش پشت گیریمان‌ئەکات بۆ جێ بە جێ کردنی پرۆژەکانمان .. وە بۆسەلماندنی ئەوەی کە حکومەتی شۆرش با یەخیکی ئیجگارزۆر ئەدات بەلادێ کانی وڵات، ٢٢ ملیون دیناری وە لاناوە‌بۆ جێ بە جێ کردنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە گەیاندنە پترلە ٦٠٠ لە دیهاتەکانی وڵات ، لەگەڵ ئەم پرۆژە گەورە یەدا بەردەوام لە جێ بە جێ کردنی پرۆژەی رۆشن کردنەوەی دیهاتەکاندایین بە کارەبا کە ئەم پرۆژەیە بۆ هەموو پلەکانی دەوروبەری ٦٠ ملیون دیناری بۆ تەرخان کراوە .. بێ جگە لە هەمە چەشنە پرۆژەی وردە وردە کە بەردەوام وەزارەت خەریکی جێ بە جێ کردنیانە وەك کردنەوەی جادە لە نیو دیهاتەکان داو بە ستنەوەی ئەودیهاتانە بە ناو جەرگەی پارێزگاکانەوە ، هەروەها پەرەپیدانی خزمەت گوزاری تەندروستی‌و خوێندەواری‌و قەلا چۆکردنی نەخوێندەواری .



لێکۆلینەوەی ئابوری وبازرگانی نێوان عێراق و ژاپۆن

سەرلە بەیانی رۆژی یەك شەممەی ریکەوتی ٢٣ی ئەم مانگە لە وەزارتی ئابووری دەست کرا بە کۆبوونەوە لە نێوان عێراق‌و ژاپۆندا بۆ لێکۆلینەوەی مەسەلەی ئابوری‌و بازرگانی لە نیوان هەر دوو وڵات دا بۆ گەیشتنە چەند بەندێکی وا کە پەیوەندی ئابووری‌و هونەری لە نیوان ئەم دوو وڵاتەدا بە هێز بکات ، ئەم کۆبوونەوانە بەشی تەواو کەری ئەو کۆبوونەوانەیە کە لە مانگی کانوونی دوو هەمی رابردوو دا لە نیوان هەر دوو ولادا کرا و ئەوە بوو لە سەر چەند بەندێکی ئابووری‌و هونەری رێك کەوتن ، ئەویش بەوەی ژاپۆن چەند پرۆژەیەکی پەروەردە کردن لە وڵات دا جێ بە جێ بکات .

٢٤ ملیۆن و ٢٤٠ هەزار دینار بۆ

گوزەرە پیشە سازێکان تەرخان کراوە

دەستەی رێ نیشاندان لەئەنجومەنی هێلکێشی لەکۆبوونەوە یەکی ئەم دواییەیدا بەوە قایل بووە کە چەندپرۆژە یەکی نوێ بکاتەوەلەگەڵ فراوان کردنو زیاد کردنی بودجەی هەندی لەپرۆژەکانی تردا ، کە سەرجەم‌ئەم پرۆژانە ٢٤ ملیونو ٥٤٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێت .

ئەم پرۆژانەش بریتین لە زیاد کردنی بودجەی پرۆژە نوێکانی دروست کردنی‌گوزەرە پیشە سازێکان ، وە لە باتی ١١ ملیون و ٤٠٠ هەزار دینار بکرین بە ١٧ ملیونو ٦٧٠ هەزار دینار .

هەروەها بۆ فراوان کردنی کارگەی میکانیکی مافور دروست کردن ٣ ملیون دیناری تی ئەچیت وە داواش لە دەزگای گشتی رستن وچنین کراوە کە کارگەی میکانیکی مافور دروست کردن بە هەموو وزەی بخرێتە کار بۆ زیاد کردنی بەرهەمی مافور ..

وە بەدەم ئەم پرۆژانەوە وا پیشینار کراوە کە بودجەی پردی حلە لە ٣٠٠ هەزار دینارە وە بکرێت بە ملیونێك‌و ١٠٠ هەزار دینار وەجێ بەجێ کردنی ئەم کارەش سپێرراوە بە وەزارەتی أشغال‌و أسکان .

وە بەشێك لەم پرۆژانەش بریتی‌یە لە زیادکردنی ئەو پارەیەی دانرابوو بۆ دروست کردنی ئەو ١٥ قوتابخانە بازرگانی یەی نیازوا بوو تەواو بکرێن و پارەکەیان بکریت بە ملیونێك‌و ٦٥٠ هەزار دینار واتە ١١٠ هەزار دینار بۆ هەر یەکێك لەو قوتابخانانە .

هەروەها تەرخان کردنی ٥٠ هەزار دینار بۆ گلۆپی هاتوو چوکردن ، سەرپشك خستنی ئەمینداریتی پایتەخت لە جێ‌بەجێ کردنی ئەم پرۆژەیەو لەگەڵ جێ‌بەجێ کردنی چەند وردە پرۆژەیەکی تر ..

چاندنی چەوەندەری شەکر

رۆژی یەك شەممەی ریکەوتی ٢٣ی ئەم مانگە لە وەزارتی پیشە سازی لیژنەیەك پێك هێنراوە بۆ لێکولینەوە بۆئەوەی ، ئەگەر بتوانرێت بەشێك لە پرۆژەی (ئیسحاقی) بەکار بهێنرێت بۆ چاندنی چەوەندەری شەکرو وهەندێکی تر لەو کشت‌و کاڵانەی بۆ پێشە سازی بەکار ئەهێنرێن . هەمان لیژنە لەوەش ئەکۆلێتەوە ئەگەر لە فتحە بتوانرێت کێلگەیەکی چەوەندەر دروست بکرێت .

مەبەستی وەزارەتی پیشەسازی لەم کارە ئەوەیە کە ئەم زەوی وزارە پڕ ئاوانە بەکار بهێنرێت بۆ ئەو مادانەی شەکریان تیا دا زۆرە هەتا بۆ هەر دوو کارگەی سلیمانی وموسڵ مادەی خامی شەکر دەربهینن .

لە لایەکی تریشەوەوەزارەتی پیشە سازی داوای لە وەزارەتی شارەوانی کردووە کە زەویەکی ٣٠ی دۆنمی نزیك بە جیگا پیشەسازێکانی پارێزگای (واسط) تەرخان بکات بۆ ئەوەی چەند کارگەیەکی (مشروباتی غازی) و چەند خانوویەکی بۆ کرێکاران لی درۆست بکات .



لیژنەیەکی هاوبەشی عێراق و سوریا لە پرۆژەی

هاتوچۆی نێوان هەردو وڵات ئەکۆڵنەوە

لە بارەگای وەزارەتی هاتوو چو کردن لە بەغدا لیژنە دوو قولێکەی عیراق‌و سوریا دەستیان کردۆتەوە بەکۆبوو نەوە بو لێکولینەوە لە پرۆژەی هاتو چوو کردن لە نیوان هەر دوو وڵات دا مەبەست لەم لێکۆلینەوەیە ئەوەیە کە بە زوو ترین کات بگەنە ئەوپلەیەی کە هاتوو چۆیەکی رێك وپێك‌و گورج‌و گۆڵ‌و سەر بە بەرژەوەندی هەر دوو وڵات دروست ببێت چ لە مەیانی هاتوو چۆ کردنی رێگەو بان دا وە چ لە مەیانی تەلەفۆن‌و بێ تەل دا .. ئەم‌لیژنەیەش بەرهەمی ئەو دیدەنی‌یەی وەزیری هاتوو چۆ کردنە کە لە مانگی نیسانی‌رابردوودا بو سوریای کردبو

وەلادانی ١٥ ملیۆن دینار بۆ ئاوەدان کردنەوەی بیابانی رۆژئاوا .

حکومەتی شۆرش ١٥ ملیۆن‌دیناری وەلا ناوە بۆ ئاوەدان کردنەوەو پەرەپێدانی بیابانی‌رۆژئاوا رووی کشت‌و کاڵ‌و پیشەسازی‌و کۆمەلایەتی یەوە.

ئەم هەواڵە پارێزگاری کۆچەریانە بنیات ئەنرێت .. پارێزگای ئەنبار گەیاندویەتی وە بەدەم ئەم گەشتەوە چونە بەو عەشاماتە کۆچەری‌و دەوار نشینانەی کە لەگەلیاندا دیدەنی‌و ئەماشای ئەو بیرە ئیرتیوازیانەی لەو ناوچانەدا کۆبۆنەوە ، لەیەکێك لەو هەڵ ئەکەندرێت . گەشتانەیدا کە رۆژی سێ شەممەی ریکەوتی ٢٥ی ئەم مانگە بەو ناوچانەدا کردوویەتی بۆ بەسەر کردنەوەی ئەو پرۆژە کشت‌و کاڵی‌و کۆمەلایەتی‌و پیشە سازیانەی لە ناوچەی بیابانی رۆژئاوادا ئەکرێن .

ئەو پرۆژە ئاوەدانیانەی لەو ناوچانەدا لە تەواو بووندایە بنیات نانی ١٩ گوندە کە ژمارەی ئەم دیهاتانە خۆیان ئەدەن لە ٧٥٠ خانوو ، لە بۆ نیشتەجێ کردنی ئەو

٢٥ هەزار جوتیار لە پارێزگای دیالە خەریکی دروێنەن

یەکێتی جوتیارانی پارێزگای دیالە هەورەزیکی فراوانی رێك خستوە بۆ ئەوەی دەغل‌و دانی ناوچەکانی خالس‌و مقدادیەو سعدیەو خانەقین‌و بلدروز لە پارێزگای دیالە بدرونەوە .

لەم هەرەوزانەدا ٢٥ هەزار جوتیار بەشداری تیادا کردووە .. لە هەرەوزە کەیاندا دروێنەی ٧٥١ هەزار و ٦٥١دونم دەغل‌و دانیان کردووە .

وە بە دەم دروێنەشەوە لەم هەرەوزەدا گەلێك جۆگە هەڵبەستراوە وەك خۆ ئامادە کردنێك بۆ کشت‌و کاڵی هاوینە .

شەش پاسی نوێ بۆ گەشت‌و گوزار

دەزگای بەڕێوەبردنی کاروباری شوێنەکانی گواستنەوە بەم زووانە ٦ پاسی نوێی گەشت‌و گوزاری وەر ئەگرێت بۆ گواستنەوەی خەلکی بۆ شوێنە گەشت‌و گوزارێکانی وڵات بە نرخێکی هەرزان‌و دوور لە رووتانەوەی شوفیری ئۆتومبێلی کرێ ..

بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە وتوویەتی کە دەزگاکەیان لە مانگی ئابی داهاتوودا ١٢ پاسی تر وەر ئەگرێت ئەم پاسانەی لە تورکیا کڕیوە بە (٢٨٠) هەزار دینار وە هەر پاسێك لەوانە جێگای ٤٠ کەسی تیادا ئەبێتەوە .. ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ پێش خستن‌و پەرە پێدانی بزوتنەوەی گەشت‌و گوزاری‌و بۆ ئاسان کردنی هاتووچۆی ئەو میوانانەی بۆ گەشت دینە ولات ، هەروەها بۆ ئەو هاولاتیانەی دیدەنی کە لە جێگا گەشت‌و گوزارێکان ئەکەن .

چەند زەمالەیەك بۆ نەمسا

وەزارەتی خوێندنی باڵا داوای لە زانستگای بەغدا کردووە بۆ هەڵبژاردنی چەند قوتابی‌یەکی لێ هاتوو ، هەتا بە زماله بۆ خوێندن بیان نێرێت بۆ نەمسا .

بەڕێوە بەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ لە رۆژی یەك شەممەی رابوردووە دەستی کردووە بە ئامادەکردنی نەخشەو دەست نیشان کردنی شوێنێك بۆ ئاژەڵ بە خێوکردن لە ناحیەی داقوق لە پارێزگای کەرکوك ، بەمەرجێك شوێنەکە ماوەی ئەوە هەبێت پێنج هەزار سەر مەڕی تیا دا بە خیو کرێت .

شوێنی ئاژەڵ پەروەردە کردن لە داقوق

ئەو شوێنی ئاژەڵ بە خیوکرد نە ٥٤٦ هەزار دیناری بۆ دانراوە ١٠ گەوری تیادا ئەبێت کە هەریەکێك لەو گەورانە جێگای ٥٠٠ سەر مەری تیادا ئەبێتەوە ، لە گەڵ ئەم گەورانەشدا کانێك‌و بەیتاڵ خانەیەکی بچووك ودووشوێنی پەلەوەر بەخیو کردنیشی تیا دا ئەبێت لەگەڵ خانووی ئەو کرێکارو فەرمانبەرانەی لەوێ ئیش ئەکەن .

حەوت مەکینەی (کا) پەستانەوە

ئەنجومەنی کشت‌و کاڵی باڵا رێگای کۆمپانیای گشتی بەرهەمی ئاژەڵی داوە ، کە لە فەرەنساو ئەڵمانیای رۆژ ئاواوە حەوت مەکینەی کاپەستانەوە و ٢٠٠ تەن بەتی کاپەستانەوە بهێنێت ، نرخی ئەو مەکینانە خۆی ئەدات لە ٢٣٢٠٠ دینار ئەوەی شایانی باسە حالی حازر مەکینەیەکی کاپەستانەوە لە کیلگەکانی بەرژەوەندیی پرۆژەی (مسیب الکبیر) دائیش دەکات ، وە رۆژی‌هەر یەکێك لەو مەکینانە ئەتوانێت ٥٧٥ (باڵە) کابەرهەم بهێنیت ، کە ئەم (باڵە) کایانەش وەك ئالفیکی وشك ئەندرێتە کادێن‌و عەمارەکانەوە .

پلەی دوو هەمی پرۆژەی (ری) حلە - کەفل

وەزارەتی (ری) ١٦٣ هەزار دیناری تەرخان کردووە بۆ جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەی چاك کردنی ری ناوچەی (حلە - کەفل) کە ئەم فراوان کردنە لەو ناوچە یەدا ئەبێتە هۆی ئاودیری ٢٠٠ هەزار مشارە لە زەوی وزاری کشت‌و کاڵ .

دەورەیەکی تەندروستی بۆ لەناوبردنی مێش‌و مەگەز

رۆژی یەك شەممەی تیایدا بەشداری ئەکەن بۆ رێکەوتی ٢٣ی ئەم مانگە لە خۆ ئامادە کردن لەو هەرەوزە موختەبەری مەرکەزی گشتی دا کە لە سەرەتای مانگی دەورەیەك بۆ لە ناوبردنی میش‌و تشرینی یەکەمی داهاتووە مەگەز کراوەتەوە ، ئەم ئەکرێت بۆ لە ناوبردن‌و دەورەیەی زۆر لەو کە سانەی قەلاچۆ کردنی میش‌و مەگەزو لەو مەیدانانە دا ئیش ئەکەن جرو جانەوەر .

پاشماوەی : کارسا تیت ئەرمەنیا ...

دەستێ خۆ دانینە سەر جیبیا ، وە دیسان راستی‌یا ڤێ سەربڕینێ ئەوا وی چاخێ هاتیە کرن دەمێ لەشکەرێ قەیسەرێ روسی هاتیە سەر کوردستانێ‌و وەکی دوڕندان هێرش هینایە سەرکوردستانێ‌و گەلەك زیان گەهاندی‌یە خەلکێ چ کوشتن بت چ وێران کرنا گوندا بیت ، واتە وان تەڕوحشك تێ‌بر . بەلێ چاخێ شورشا ئۆکتۆبەرێ لووسیا دەست پێ‌کری ئەو لەشکەر زڤراندە جیێ وی ، ڤیجار تورك رابوون‌و تۆلا خۆ ژ ئەرمەنیا ستاندو فرمانا کوشتنا واندا ، هەمی بوسلمان شاندە سەر ئەرمەنیاو بناڤێ جیهادێ لێ‌دان . ئەڤ کارە بووە هۆیەکی کاریگەر هەتاکو لدەڤەرا قەفقاسیا ژی ئەرمەنی‌و بوسلمان تێکرا چۆن جا ئەڤ سەربڕینە ژ ئەساسا خۆدا لسەر جوداهیا ئایینی رابوویە ، ئەگەر کارەسات ئەڤنە بن ، ڤێجار تاوان باربا کوردان چی‌یەو بۆچی ڤێ روو رەشیێ دهاڤێنە ستویێ کوردان . بۆچی نابێژن ئەگەر کوردان بەرەڤانی نەکربا دێ ئەرمەنی هێشتا تێ چۆبانە چونکە کوردا گەلەك عەرزو عەیالێد ئەرمەنیا ژبەر دەستێ تورکان رڤاندو هینانە ناڤ مالێد خۆ ئەرمەنیا بڤی رەنگی خۆ دهاڤێتە تۆڕو بەحتێت کوردا و کوردا ژی بدلەکی راست دهەواندن . هەتا ڤێ گاڤێ ژی ئەرمەنیا قەنجیبیا کوردان ژبیر نەکریە .

هەر هۆسا نفیسەڤانێ مە « ڤاندۆم » دبێژت ئەو جهێت ئەرمەنیا هێلاین و کورد لشوونا وان رونشتین ئەرمەنی تێدا نەماینە ، ئەگەر مە بڤێت ئەم ڤێ راستیێ دەربێخین پێدڤییە وەکو ئەکۆلینەکا سەر ێ بچینە ناڤ وی وەلاتی ، هەتاکو بۆمە خۆیا بت کو ژ دۆلێد سۆتی، گوندێد بەردایی‌و مالێد وێران کرین نەبن هیچی تو ئەم نابینین .

هۆسا « ڤاندۆم » ڤێرا دچت‌و دبێژیت کورد مللەتەکی شڤانکارەو چو ژ چاندیێ نزانن هەر چەندە ئەرمەنی بڤی کاری رادبوون ، ژبەر ڤێ‌چەندێ ئەڤ وەلاتە بووە هەژارترین وەلات لتورکیادا .

دیارە مامۆستا « ڤاندۆم » زمانەکی خۆش وێ هەی هێشتا شارەزاو پسپۆر نەبوویە ل گەل کوردا و کارو بارێد وێ دەڤەرێ . وی چو نەبیهیستی‌یەو چو نەدیتی‌یە ، وەلێ پێڤێ لسەر وی ڤەکۆلانەکا راست‌و دروست کربا . نە سەرەکی بگرت‌و ئێکی بەردەت ئانکو لپێ هەروەسا خۆ بچت . ل جەم وی ڤە کوردا هێرش وێد برینە سەر جیرانێد خۆێد ئەرمەنی و وێ ژ ئاخا وان‌کرینە دەرێ . جاخێ ڤاندۆم جۆ چۆیی‌و گۆتی کو چۆ ژ چاندنێ چیناکەن وەکو خودانێد ئاخێ یێد بەرێ ئانکو ئەرمەنیا ژبەر هندێ هەژاری‌و وێرانی یە بەلاڤە ل وی وەلاتی » .

یامایی

لایەنێك لە باوەڕی یەزیدیەکان..

- ٤ -

خدری سلێمان
نووسیویتی

○

خەلیل جندی
کردیە بەکوردی

لە ژمارەکانی پێشوودا ئەوەمان دیار کرد کە شەیتان کێیەو ناوی ئەبلیس لە کوێوە هاتووە ، هەر وەها هاتینە سەر ئەو مەسەلە بـاوە ، مەسەلەی ئادەم و ملائیکەتەکان و هەڵوێستی عەزازیل بەرانبەر (مشیەو ارادە)ی خوا ئایا کارەکە - سوجود نە بردنی بۆ ئادەم - لە جێگای خۆیدا بوو یان نە؟ ..

ئیرادەی خوا ئەوە بوو سوجدە بۆ ئادەم نەبەن !کەچی پاش دروست کردن ویستی سوجدەی بۆ بەرن !!

عزازیل لەسەر ئیرادەی خوا رۆیشت و قسەی نەشکاند

کە ئەمانە شەیتان و ئەبلیس و عزازیل بن پەیوەندیان بە یەزیدیەکانەوە چی یەو چۆن ناوی شەیتان بە یەزیدیەکانەوە لکاوە ؟

لەبەر ئەوە یەزیدیەکان کاتێ ناوی شەیتان دەبینن بەزەییان پێدا دێت ، نووسەرەکان هاتوون و ئەمەیان گرووەبە بەهانە کە یەزیدیەکان شەیتان دەپەرستن

ئەگەر مەسەلەکە مەسەلەی دەربڕینی نارازی بوون بێت و نایەوێت گوێی لە شتی خراپ **بێت** مەعنای وایە زۆربەی عالەم شەیتان پەرستن !چونکە باوەڕ ناکەم کەسێك تاقەتی ئەوەی هەبێت ناوی شەیتانی **بۆ** دەست نیشان بکرێت •

گومان لەوەدا نی یە هەرکەسێك بگری - سەرەڕای باوەڕەکەی - و بە ئەنقەست ناوی شەیتان لەبەر دەمیا بلێی و بە چاوێکی سووك تەماشای بکەی ئەو کەسە بەگژتا دێت و نارازی بوونی خۆی بەرانبەرت دەردەخات .. عەینی ئەم شتە بە سەری یەزیدیەکان شەیتان دەپەرستن خەلکانی ترەوەبووە •

وەکو شاکر فەتاح ئەڵێت : ئەم ناوە (ناوی شەیتان) لە دواییدا خراوەتەوە پاڵیان تاکو لە نرخیان کەم بکەنەوە - چونکە باوەڕەکەیان لە هی ئیسلامی جیا بوو - وەکو مەلا یەحیای مزوری کردویەتی، کاتێ کە ویستی تۆڵەی خۆی لە بنەماڵەی میری یەزیدیەکان بسێنێت • وە خەلکی وا تێگەیاندن کە یەزیدیەکان زەندیق و مولحیدن • بۆیێ بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە فەرمانیان داوە) •

ئەگەر راستیمان بوێت هیچ قەولێکمان نی یە وتبێتی وردکاند بێتی کە ناوی شەیتان گوناهە • هەتا ئەو کەسانەی کە تێکەڵاوی شاریان نەکردووە نازانن ناوی شەیتان چی یە مەگەر ئەم ناوە لە گەڵ چەند وشەیێکی تر بەکار بێت • ئەنیا ئەوانە نەبن کە تێکەڵاویان لەگەڵ شاریان کردبێت و قوتابخانەیان خوێندبێت • کە دەڵێین تێکەڵاوی شاریان

بروانە ل : -٧-

پزیشکێکی ئافرەت سەر بە یەکێك لە کۆمەڵە هەرەوەز- کاریەکانی کۆماری گەلی چینە.. هەگبەی داوودەرمانەکەی هەڵگرتووەو بە سواری کەڵەك لە روبارێك ئەپەڕێتەوە • بە پەلەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئەوبەر روبارەکەو ئەندامە نەخۆشەکانی کۆمەڵە هەرەوەزکاریەکەیان دەرمان بکات .. حەوانەوەی خۆی لە پێناوی چاك بوونەوەی هاوڕێکانیا بەخت ئەکات .. ئافەرم ئەمەیە رەفتاری مرۆڤی باش و خزمەتگوزاری دلسوز •

هەڵبژاردەو تۆمار

محمود زامدار

چەند گۆرانیەکی رەسەن

سینەمێ سینەم خانێ ، سینەمە کۆچە کۆچە
بەبەردەشتی هەولێرێ
رونشت کۆفی‌یێ ، خۆ چێکر ، تیتان پاڵدا کنێرێ
بلێنە دایکی سینێ ، بابی سینێ
ئەڤ ساڵە هیشکە ساڵە

سینەم نەشتە خرنوکان
درك دەچنە نینۆکان
سینەمم کۆچە کۆچە ، بە بەر دەشتی شنۆیێ
رونشت ، کۆفی‌یێ ، خۆ چێکر ، تیتان پاڵدا لیمۆیێ

× ×

هۆی ناڵ ، هۆی ناڵ ، هۆی ناڵبەندۆ
وەڵلا ناکەم ناڵبەندانی
دە فرۆشم چەکش و سندانی
هۆی ناڵبەندی ، هۆ کورە کۆیی
ناڵان لێ بدە ، هەشت و نۆیی
سەفەر دورە ، ناڵ دەر چویی
هۆی ناڵبەندی ، هۆ کورە بیژی
ناڵان لێ بدە ، بزمار تیژی
سەفەر دورە ، ناڵ دەخشی
هۆی ناڵبەندی ، هۆ کورە بیژی
ناڵان لێ بدە ، تاك و جوتێ
سەفەر دورە ، ناڵ ناگاتێ
هۆی ناڵ هۆی ناڵ هۆی ناڵبەندۆ
وەڵلا ناکەم ناڵبەندانی
دە فرۆشم چەکش و سندانی
لە بۆ خاتری ، کیژە جوانی

× ×

وەزقا سیدم قاسیدم ، قاسیدی گوڵباغانم
ئیمشەو دەرۆن بەیانی ،
کالکە و گۆریە ، لە پێ کەم
هەڵم دەکێشا رانی
زێ ی موسلی خوین بکە ، لێمدا بە مەلەوانی
سەبارەتی چاوی تۆ ، لێم بو بە جۆگە و کانی
وە زقاسیدم قاسیدم ، قاسیدی گوڵباغانم
ئەو شەو دەرۆم گەلەکە ،
کاڵکە و گۆریان لە پێ کەم
هەڵم دەکرد ، بە لەکە
دەچمە سەر زێی بادینان
هەلدە بەستم کەلەکە
کلم برێ لە شاران
بۆ چاوی رەش بەلەکە
کلم هینا بە - بار - ان
زێڕین نەیگۆ ، گەلەکە
وەزقاسیدم قاسیدم ، قاسیدی گوڵباغانم

× ×

هەی مامان مامان فاتمۆکی مامان
کەر دەنت زەردە ، گوڵێکی گۆگەمان
هەی مامان مامان فاتمۆکی مامان
دەس دەمە سینان هەڵمەگر چامان
هەی مامان مامان فاتمۆکی مامان
گەردنت زەردە ، گولیکی گۆ ، گەمان

هەی مامان مامان فاتمۆکی مامان
عەبدی بابی تۆم ، لە جێی غولامان
هەی مامان مامان فاتمۆکی مامان
لە سەر فاتمۆکێ لێم دەن بە شیران

× ×

لێ دینێ دینێ ، لێ دینێ ، دنیا من
دین دینێ ، عەمەر عیسا ، لێ دینێ دنیا من
قەیتانی رۆخی کیسا ، خاتونێ زەریا من

بەردە سۆر بە هەیوانە ، لێ دینێ دنیا من
لە سەر کیژێ جوانە ، لێ دینێ دنیا من
بەردە سۆر ، بە کە ستەکە ، لێ دینێ دنیا من
شەڕ لەسەر چاو بەڵەکە ، لێ دینێ دنیا من

× ×

بە لەنجە بە لەنجە ، ئەو کچە بە لارو لەنجە
کێ ئەیدا سەت دینار ، خۆم ئەیدەم سەدو پەنجا !!

خەڵك خانوی ئەرمێ ، من بەر هەیوانم
خەڵك دۆستی شو ئەکا ، من دەسگیرانم

ئەوا مانگ هەڵات ، مانگ کەیلێ بەرزە
دۆست و دەزگیران ، هەر ئیمشەو فەرزە

چراکەی ماڵتان ، سۆلە سۆڵێیتی
باوکە کوێرەکەی ، بۆڵە بۆڵێیتی

چەرمینی چاوت ، چوین ژێر زگ ماسی
دوێنێ یارم بوی ، ئەڕۆ نامناسی

رەشی چاوانت لێم هەڵپلانی
سەرمت دا بە بڕ ، ماڵم رمانی

لەوە مەڕوانە ، باڵا بچوکی
بە نرخ گران ، بە وە زن سوکی

ماڵم بۆ چیە ، با بێ بە تاڵان
با لای تۆم ئەوێ ، لە گوێی عەواڵان

بنێ سەر دڵم ، ناسکە پەنجەکەت
با وەشێنم کە ، بە ئەگریجەکەت

بە خۆت بانگت کرد ، ئیمشە و میوان بە
لە و باخ و سێوە خۆت باغەوان بە

بریا ماڵەکەت ، لە ملاتر بوایە
ئا موشۆکەمان ، زیاتر بوایە

× ×

کە باوك منالی خۆی ئەلاوێنی و ئەلێ :
هەد رەورەوە لێ لێ ، رەو جووجکە ، لێ لێ
جووجك فڕین لێ دلۆ ، چوونە لکە ، لێ لێ
هەد رەورەوە لێ دلۆ ، رەو قەتێیە ، لێ لێ
قەتێ فڕین ، لێ دلۆ ، چوونە زێیە ، لێ دلۆ
هەد رەورەوە لێ دلۆ ، رەو رەشۆلە ، لێ دلۆ
رەشۆل فڕین ، لێ دلۆ ، چونە هێلە ، لێ دلۆ
هەد رەورەوە ، لێ دلۆ ، رەو بو غازە ، لێ دلۆ
بوغاز فڕین ، لێ دلۆ ، چون هەورازە ، لێ دلۆ
دەردی دڵم ، لێ دلۆ ، گەردەن گازە ، لێ دلۆ

بروانە ل ٧

راستییێت کارەساتێ ئەرمەنیا دنێڤ تورکان و کوردان دا

- ١ -

فارس عبدالله حمو

ئەڤ گوتارە بزمانێ عەرەبی وا هاتیە نڤیسین ل ژێر ناڤێ « حقیقة المؤاسات الارمنیه بین الاتراك والاكراد » دگۆڤارا « الحرب الجدید المصوره » ل باژێری بەیروتێ ، نڤیسەڤانێ بناڤ و دەنگ « ئۆسمان سەبری بۆتانی » نڤیسی‌یە چا ژبەر بەهایا وێ گوتاری ئەز رابووم و من وەرگێرا سەر زارێ کرمانجی ، داکو کوردێت دل شەوتی راستیا قەنج بزانن • دوماهیکا دەرەوان هەر رووڕەشی و شەرمەزاریە ، جا ل سەرمەیە فەرە ئەم بزاڤێ بکەین بۆ نەهێلانا وان گۆتنا یێد هاتینە نڤیسین ل بەرپەرێت مێژووێ بەرێکەکا نەراست و دروست ، دێ بۆمە دڤێ گوتاریدا خۆیابت ئەو سەر برینێت هاتینە کرن دژی ئەرمەنیا کی پێ‌رابووینە ؟ و بدەستی کێ هاتیەکرنە ؟ • مامۆستا « ریمۆن ڤاندۆم » ل سەر وان سەربڕینا دپەیڤت و دبێژت : یێدکو لدەڤەرا ئەرمەنیا لتورکیا هاتینەکرن ساڵا ١٩١٤ ئانکو شەرێ سەفەربەلەکێ و دبێژت ئەڤ سەربڕیننە تورکا بدەستێ خۆ ئەکرینە ، هۆسا ڤی نڤیسەڤانی راستی وا نیشا خەلکێ دەرڤەی وەڵاتی دایی ، نەخاسمە خەلکێ ئەورووپاو دبێژت حوکمدارێت تورکان جیرانێت کورد کش کرنە ئەرمەنیا ، کینی و دلڕەشی ئێخستنە نێڤ هەردو رەخاو دەست پێ کرنا ڤێ سەربڕینێ هۆسا وا هاتی •

وەلی پێتدڤیە مامۆستایێ پسپۆر « ڤاندۆم » قەنج بزانت کو جڤاتا دەستەکا ئیتحادو تەرەقی ل گەل پارتا فەتات ئەوێت دوماهیکا حوکمێ ئۆسمانی هاتینە سەرتەختی لتورکیا ، ڤان هەردووکان ڤێکرا بۆ خۆ ئەڤ پرۆگرامە داناو هیڤیێ بوون لنێڤ کوردان ئەرمەنیا بکاربێنن • ئەو سیاسەتە ئەڤەبو کو : سیاسەتا تەتریکێ لسەر وان کێماتیاو ل وان دەڤەرا یێد کو ژێر دەستێ تورکاندا دژین نەمازە تورکان و ئەرمەنیا ، عەرەبان ، هۆسا ئەرمەنیا بتنێ نەخۆشی ژدەستێ وان نەدیت بەلکو عەرەبان پیستر ژ وان دیتن • یاکۆ ئەو چوجاران ژێر نەکەن ، نەخاسمە ئەو سێدارێت (مشانق) لسوریا دانایـن و بهزاران نیشتمانپەروەر پێڤە هەلواسین ، وەکو لەخێد پەزان دیسان کوردا ژی هەر بڤی رەنگی ئەڤ شەوشینە ژدەستێ وان دیتی • چاخێ بۆمە رۆن و ئاشکرا بوو کو پێدڤی بوو لسەر تورکان ئەو پشتی ژ ئەوێ رزگار بن دەست باقیێت کورداو خراپتر بسەرێ وان بینن ، وەکو مێژوو بۆمە خۆیا دکەت ئارمانجاوان ژ ڤێ چەندێ ئەو بوو کوردا نەهێلن وەلێ چاوا بت وان نەشیا پرۆگرامێ خۆ بجی‌بینن ژبەر شکەستنا وان دشەرێ سەرفەربەلەکێدا بەلێ پاشی ڤێ چڤاتێ دەستەکا دی هاتە سەر حوکمی ، ئەم دشێین بێژین ئەگەر وەکی وان نەبن ، ژوان گەلەك پیستر خراپتر بوون ، ئەو ژی دەستەکا « موستەفا کەمال پاشا »ی بوو ، ئەو ژی دەستەکا « موستەفا کەمال پاشا »ی بوو ، ئەو ژی لسەر وێ شۆڕێ چۆن یێوکو هەڤالێت وان گرتی • دیسان جودا یەکا تیژو دژوار کر لنێڤ تورکان و کێماتیێت دی ، وان ژی پرۆگرامێ وان یێد بەرێ دایە بەرخۆو لهیڤیێ بوون بجێ بینن ، وێ رێکی یاکو مامۆستایێ خودان ویژدان گۆتی و بناڤ کری « رێکا زانینێ » - الخطه العلمیه - ئەو رێکەژی ئەڤە بوو •

« هزرا وان ئەو بوو کو کوردان و ئەرمەنیا لسەر جێێ باب و باپیران دەربکەن و تورکان لشوونا وان دانێن • ژبلی کوشتن و ئازاریا هینایە سەرێ وان دهەموو دەمادا • وەکو مێژوو بۆمە دیاردکەت کوردان بزاڤ و خەبات وا لسەر ئاخا خۆ کری دژی داگیرکەران رۆژ بۆ رۆژێ شۆرش وێد هەڵبوین دنێڤ کوردان‌دا ، ل دەڤەرا ئورکان ، ڤان شۆڕشا ل ساڵا ١٩٢٤ دەست پێ کرن و بێ‌وچان هەتاکو شەرێ دویێ جیهانێ • جا بۆچی پشتی ڤان هەموو کریارا تورك بخۆ بڤان سەربڕینا نەرابوینە ؟ چاوا کوردو ئەرمەنی هەڤروشی چاڤێت ئێك بووینە ؟ بەلێ هەموو قەنج دزانین کو ئەفسەرێت تورکا رێزرێز کرن و بەرێ رشاشان داێ پشتی چەند ساڵەکا بەرێ وان رەشاشا دا سنگی کوردا •

وەلێ گومان تێدا نینە کو کوردان ژی هەندەك وێ لگەڵ ئەرمەنیا کرین ، بەلێ نە یە هۆسایە وەکی ژێ دبێژن وا گەهشیە پلەیا سەربڕینێ • راستی‌یا ڤی شەرێ ئەوێ دنێڤ کوردو ئەرمەنیادا روودایی سەبەبا وێ چەندێ تورك بوون ، تورکا ئەرمەنی هەڤروشی کوردا کرن ، ئەڤە ژی دیار بوو وەکی سیاسەتەکا ژێك ڤەکرنێ کو تورکا بکار هینایی • هەتاکو بشێن

بروانە ل : ٤

ستران .. فنسکی

- شێرزادنانەکەلی -

- ستران فنسکی - مۆسیقازان و هونەرمەند لە ١٧ی حوزەیرانی ساڵی - ١٨٨٢ - لە شاری - ئۆرانینباوم - لەدایك بوو • باوکی - ستران - یەکێکە لە ناودارترین مۆسیقا- ژەنەکانی رووس ، وە سەراپای مۆسیقاکانی ئاوێنەی ژیانی جوتیارانی رووس بووە • ستران - یش هەر لەو ساتەی منال بوو ، سەرەتای بەهرەی هونەری تیا دەرکەوت ، بۆیە کەوتە موتالاو فێربوونی ئاوازە هاو چاخەکانی رۆژ ئاوا • ئینجا سادەو ساکاری کرێکارو کەوتە بەر خوێندن لە یەکێك لە دانیشگاکانی وولات و لە ئەنجاما توانی خوێندن تەواو بکات و هەر لەو حەڵەوە کەوتە گەشت و گوزار بە زۆربەی ناوچە میللی‌یەکاندا • لەو گەشتەیدا چاوی کەوت بە بەهادار ترین موسیقا زانەکانی دنیا کە رافینسکی کۆرساکۆف - بوو ، ئەو چەند ڕۆژەی لەلای ئەم هونەرمەندە مایەوە ، مۆسیقا شیرینەکانی بەتەواوی کاریان تێ‌کرد • لە ساڵی - ١٩٠٩ -دا ستران - بوو بە سەرپەرشتی - کەری تیپی هونەری - باڵیە - و چەند ساڵێك لەو تیپە مایەوە وە لە ئەنجاما ناوێکی گەورەی دا لە کێشوەکانی دنیادا •

ئاوازەکانی - ستران - ئاوێنەی فۆلکلۆرەو ، لە تەواوی کارە هونەریەکانی دا خۆی بەستۆتەوە بە ئەفسانەکانی رووس لەتازە ترین شێوەی کاریگەردا • شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن کاریکی گەورەی کردە سەر بیری ئەم هونەرمەندەر لە بنیاتنانی هونەری سۆشیالیزم و قوتابخانەی ریالیزم سوودێکی فراوانی وەرگرت •

لەمۆسیقا بەناوبانگەکانی - ستران - (رۆژگار) و (داستانی - سەرباز) و (یاری) شوێنێکی دیاری کراویان هەیە هەمدیسان لە بارەی ئەم مۆسیقا **زانەوە ، خالێکی گەورە** ئەبینرێ ئەمیش لایەنگرتنی -ستران- لەگەڵ کۆمەڵگاکەیداو خۆ بەستنەوەی بە شۆڕشەکانی **روسەوەیە • زۆربەی رۆژنامە** نووسانی سۆڤیەت - ستران - ئەدوێنن ، لە وەڵامی پرسیارێکا ئەڵێ ((ئێمە پێویستە تێ بگەین کە مۆسیقا تەنیا تێر کردنی عاتیفەو جۆش نی‌یەوە بەڵکو دیاری ترین هۆی پێشکەوتنی گەلانەو لە گەلەوە هەڵئەقوڵێ) •

○

کتێبی هاوکاری
مێژووی ماد

ئا. م. دیاکۆنۆف نوسیویەتی
برهان قانع لە فارسیەوە
کردویە بە کوردی

-١٩-

لە لایەکی ترەوە ئەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە لە ئاوستادا راستەو خۆ نەنووسراوە کە ویشتاسپ یارمەتیدەری زەرتەشت لە باکتریا بووە ، یان پەندو ئاموژگاری یەکانی ئەو پێغەمبەرە لە رۆژهەلاتی (باکتریا) برەوی بووە ، وە هەروەها لە باس و بەسەرهاتەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەم جۆرە هاتووە . وشەی (باکتریا) لە ئاوستادا نیە تەنیا یەك جار نەبێ ناوی براوە ئەویش لە (فرگرد)ی یەکەم (ویدودات) لەو کیشورانەی کە باوەڕیان بە ئاینی زەرتەشت هینابوو باسی ئەکات (١١٥) . ئیستە ئەتوانین باوەڕ بەم قسەیە بکەین کە (فرگرد)ی ناوبراو (ویدودات) لە سەرەتای رۆژگاری سەڵتەنەتی پارتەکانا نووسراوەتەوە ، وە ئەو کیشوەرانەی کە ناویان تیایا براوە _ هەمان ناوچەو کیشوەرەکانی پارت (لەو کاتەدا)و هەروەها ئەو بەشانەی کە پارتەکان لافی خاوەنداریەتیان لێئەدا ، بووە . باکتریا لە ناواخنەکەیا ناو نراوە (لەبەر ئەوە کە نووسەر ناوی راستی ئەم وشەیە بە زمانی مردووی کۆنی ئیرانی کە نووسرابوو نەی ئەزانی) ئەم وشەیە زمانی ئیرانی ناوەڕاستە کە لە زمانی زیندووی ئەو چەرخەوە وەرگیراوە . (لەوشەی کە کونترە) لەگەڵ وشەی و (بلخ)ی ئیستا لەیەك ئەچن (١١٦) .

ئێمە ناتوانین ئەوە دەست نیشان کەین کە زمانی ئاوستا لەکام شێوەی زمانی ئێرانیە . تەنیا یەك شت هەیە کە لە ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەلاتی ئێران (ئەفغانستانی ئیستاو خوراسان) پەیدا بووە ، وە یان ئەگەر لەسەر زەمینی ماد پەیدا بوو بێ لە ئەو پەڕی ناوچەی رۆژهەلاتی خاکی مادەوە بووە .

هەروەکو وتمان خاکی ماد ئاتروپاتین و بە تایبەتی _ بە پیچەوانەی ئەوەوە کە هەندێك وایان زانیوە _ ئاران (ئالبانی) لەوە ناچێ زادەگای ئاوستا بوو بێت چونکە ئەو ناوچانە لەو روژگارە کۆنانەدا بە زمانی ئیرانی قسەیان نەئەکرد . هەرچۆن بێ ناتوانین ئاوستا بە سەرچاوەیەکی میژووی ماد دانەنێین .

یەکەم : چونکە کۆنترین بەشی ئاوستا لە خاکی رۆژهەلاتی ماد نەنووسراوە کە گوایە لە باکتریا رێك خرابێ . لەگەڵ ئەوەدا باری کۆمەلایەتی ئەو ناوچانە لەگەڵ چونیەتی سەرزەمینی ماد زیادوکەمی نەبووە . هەرچۆن بێ نووسراوەکانی ئاوستا لەگەڵ ئەوەدا کە سەرچاوە ئاشوریەکان لەبارەی خاکی مادەوە (وە زۆر تر لەبارەی مادی بچوکەوە) ئەڵێن زۆر لە یەکتر ئەچن وە بێ گومان خەلکی سەرزەمینی مادی رۆژهەلات و باکتریا لەروی روشنبیری و پلەی شارستانیتی و پەیدا بوونی نژادەوە زۆر لە یەکترەوە نزیك بوون .

دووەم : ئاوستا بە شێوەی گشتی لە بارەی ئاین و بیرو باوەڕەکانی رابوردوو هوشیاری هۆزە ئیرانی زمانەکانەوە بە یەکەم سەرچاوە ئەژمێردرێت . گومانی تیا نیە کە زۆربەی ئەو ئاین و بیرو باوەڕانە لە زەرتەشتیەوە وەر نەگیراوون ، بەڵکو زۆرو کەم لە ئاین و بیروباوەڕەکانی پێشتر وەرگیراون . لەبەر ئەمە ئاوستا لە بارەی میژوو رۆشنبیری هوزە ئیرانی زمانەکانەوە دیسان بە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ دائەنرێت .

ئاوستا وەکو کتیبە ئاینیەکانی تر کتێبێکی ئاینییە ، ئەگەر چی ، رواڵەتی بێزاری بەرامبەر بە هەمو لە کاتا کانا بەدی ئەکرێ ، لەوە ئەچێ کاهنەکان لەبەر دەسکەوت و هێنانەدی ویست و ئارەزووی خۆیان لەم دلنیگەرانیەی بەرامبەر بە خەلك سودیان وەرگرتبێ ، ئاینی زەرتەشت بەربەرەکانێیەکی هەمیشەییە بۆ هێنانە پیشەوەی چاکە بە وێنەی خواوەندی ئاهورامزدا(گیانێکی زور خیرەتمەند _ ئورمزد) دروست بووە وە لەدژی گیانی گڵاوی (ئەهریمەن)و دارو دەستەی شەیتانەکانی(دیوا)تێ ئەکۆشا . ئەو هێزانەی وەکو : ئاگرو ئاووزەوی و خەلکەکانی هۆزی (ئاریا) _ کە خەریکی کشتوکاڵ بون و رێزی ئاهورا مزدایان ئەگرت _ هەروەها مەڕو ماڵاتوگیان لەبەرە سوود بەخشەکان کە کشتوکاڵیان پێ ئەکرێت واتاگاو سەگ ... هتد هەمو ئەمانەی بە ئامرازی چاکەدا ناوە ، وە بە پیچەوانەی چوڵ گەردە ماڵ بە کۆڵەکانەوە بووبە تایبەتی بێگانەکان (تورانیەکان) _ بە پێی باس وبەسەرهاتەکانی دوای زەرتەشتیەکان دانیشتوانی ئاسیای ناوەڕاست و بە تایبەتی تورك زمانەکان _ هەروەها ئەوگیاندارانەی کە بە کاری کشتوکاڵ نە ئەهاتن بە بێکەلکی دائەنان . وە هەروەها بەڵێنی خەلاتی ئەو دنیای ئەدا بەو ئاین پەرستانە کە لەتەمەنی ژیانیانا خەریکی بەجێ هێنانی فەرمانەکانی ئاین و بانگ کردنی خەلك بوون بۆ سەر رێگای چاکە . لە ئاوستای بچوکدا بابەتی گوێ رایەڵی و ئاموژگاری وەرگرتنی خەلکی بە زنجیرە یاسایەکی ئیداری و ئاینیەوە بەستوە وە بە پلەی ئاینی جیاجیا دیاری کردوون .

بەم جۆرە ئاینی زەرتەشتی_ بە شیوەی گشتی سەلمێندراو _ یاسایەکی سنور_دارو دیاریکراوە کە خۆی لە بێگانەو ئەو هۆزانەی کە (ئاریائی) نین دور ئەخاتەوەو ئەم بیرورایەش لەناو دەروونی ئاین پەرستەکانی خۆیا پەروەردە ئەکات ، وە لە ناو هەمو ئاینەکانا (فیودالیزم جێگایەکی تایبەتی بووە) .

_ ماوێتی _

ڕاوە بەرازەکەی گوێ چەمی تانجەرۆ

ئارام

پیرە بەراز بە شینایی و مەرەزە فێر بو بوو ، ئەما فێر بو بوو ،هەرچەندە کەڵبەی لە عەرد گیر ئەکرد ، قوموشی لێ ئەدا ، ئەتووت کارێزکەنە بە دوای ئاودا ئەگەڕێت ، وای لێهاتبوو ، پەلاماری زەلامیشی ئەدا ، ئیتر خرت و یەکانەو مالۆس و بەچیان وەك یەك زیانیان ئەبەخشی ، تەرو وشکیان بەیەکەوە ئەخوارد . پێ کورەی عەشایەرو مەعموری حوکمات و مام پۆلیس قسەیان کرد بەیەك ، دەنگی دیهاتەکانی ئەو گوێ چەمە درا ، کەوا رۆژی جومعە ڕاوەبەرازە ، نەخێر غەزایە . هەرکەسێك بەرازێکیشی کوشت و گوێچکەکەی هێنا بۆ حوکمات ، حکومەت روبعە دینارێکی ئەو سای ئەدایە کە بەقەد پێنجیەك لەسوورەکانی ئێستا بەقەدرو حورمەت بوو ، شەش کەللە هەر شەکری ئەکرد .

ئیتر سەرتان نەیەشێنم ، هێشتا دنیا تاریك و روون بوو، هەر کەسە دەستی تفەنگی بگرتایە ، لەیەك لولەو دو لولەو ساچمەزەن و حسکەو جامێزارو ئینگلیزی تا ئەگاتە تەورو دەمەداس و تەورداس و کێرد ، ئەیاندا لە شانیان یا خود ئەیانکرد بە قەدیانا ، بەسواری ئەسپ و ماین و یا بو وێستری ماچەو هەر نەبوایە بە سواری کەرتە لەرێك یا دێڵە کەرێك وەك ڕێچکەی مێرولە بەرەو چەم بۆی ئەکشان . پیادە زەلامیش هەریەکە گەماڵێکی رستکردبوو هەر نەبێ تولەیەکیان پێبوو ، بۆ بەراز دەرپەراندن لەو ناو چەموقەرەمەدا ، لە شانی لای بێستانسورەوە راو دامەزراو دەست کرا بە هەڵەلەو دەی دەی دەست رێژێك لەچەم کراو سەگەل خۆیان فرێدایە ناو بیشەڵان و قامیشەلانەوە ، هەتا ئەهاتیش هەدەی هەدەی زیادی ئەکردو ، هاڕۆلەم دەی ، ڕۆلەم بەرز ئەبوەوە ، کس کس دەی .. ئەها .. ئەها .. تاق .. تاق .. گوێمان لەزیزەی بەراز بوو لەناو بیشەڵانی چەمەکەدا بەڵام خۆیان نەئەدا بەدەستەوەو نەئەهاتنە دەرەوە . وەك ئەوانیش زەننەقیان لە قەلەبالغیەکە چوبێت . ئیتر هەر تفەنگێك بوو ئاگر ئەدرا بەناو چەمدا ، تاوای لێ هات لە دواییدا پیادە زەلامەکانیش بە دوای سەگەلدا خۆیان ئەکرد بەناو قامیشەلانا .

ئەوەندەم نەزانی لە دامێنی یاسین تەپەوە تاقمێك سوار نیشتنە سەر یەکانەیەك ، لە پێش هەموو سوارەکانەوە زەلامێکی بۆ شناخ بوو ، بە سەر ئەسپێکی بۆرەوە ، پیرە ئەسپ کلکی کردبوو بە بەیاخ هەر کونەلوتێکی بەقەدەر کونی موغەیریەك کرابوەوە ، ئەی پرمان و پەلی ئەهاویشت، قەستی بوو سواری سەری بەرازەکە ببێت . کە دیقەتم لە سوارەکەی سەرپشتیدا سەیرم کرد خەلیفە ... هەزار ڕەحمەت لە قەبری ریشە چڵ چڵە درێژەکەی و کلاوە نوك تیژەکەی ئەیکردە سەری و چەمکە درێژەکانی کە هەڵی ئەکێشا ، ئەو دەستو تفەنگە هەر لەخۆی ئەهات . سواری سەری یەکانە بو بوو هەر بەسەر سواریەوەو لە گرمەی تاودا ، یەکێکی نا بە ناو شانیەوە دەمو دەست گلۆلەی کرد . وەرگەرایەوە دوای ئەوەی لە تاو دان کەوت ڕووی کردە خەڵکەکەو وتی (خولامی سەری ڕاوکەرانم) .

هەر لەویدا زەلامێك دابەزی هەردوو گوێچکەی بەرازەکەی کرد بە پەتێکەوە دای بەست بە پاشکوی خوێدا ، هەروەها ئەمانیش هاتن هەموو دەوری بیشەڵانەکەیان دا . خەلیفە هەر شێرە ، شێرەی بوو نەمزانی مەبەستی چیەو ئەیووت : (ئەوە کوا ئەو سەگباوەکە بۆ رۆژێکی وا نەبێت من بۆ چیمە .؟) کاتێکم زانی جاش ئیسترێك هاتە بەردەمی و دەستی کردەوەڕین پیاو هەر لە وەڕین و حەپە حەپی زەننەقی ئەچوو ، خەلیفە ئیشارەتی بۆ کردو دەسوار بگلانایە بەریدایە ناو چەمەکە لەم کاتەدا هەر سەگ بۆ تاوی ئەدایە خۆی بۆ ناو بیشەڵانەکە ، ئەوەندەی نە ئەبرد بە وورگ دراو ، ریخۆڵەی بە دوای خۆیدا رائەکیشاو ئەهاتە دەرەوە ئەی قروسکاندو ئەکەوت ، بەڵام شێرە زۆر بە پارێز خۆی کرد بە ناودا ، وەك بڵێیت بە وەڕین هەڕەشەی ئەکرد ، ئەوەندەم نەزانی ماڵۆسێك دەرپەڕی یەکێکی تر .. دوانی تر ، دەی تر لە دوایدا بڵاوەیان لێکردو سەگ بە دوایانەوە، لەم لاشەوە راوکەر دەستیان کرد بە تەقەو قریوەو هەلەلە .. هەلەلە تا لەچەمەکەیان دەرکردن ، ئیتر هەر بریك سوارو ئەنیشتە سەر دوان سیانێك ، کاتێکم زانی لەناو چەمدا بووەوە بەهەرا تومەز سەگەل ڕەوەیەکی تریان دەر پەڕاند ، ئەمجارە هەمو تیتیلەو بیبیلە خڕو بچوك ، هەندی لە سەڵتەزەلامەکان پەلاماریان دان زۆریان لەدەم سەگەل سەندنەوەو هەر بەدەست گرتیانن ، شەتەکیان ئەدان دوان و سیان بەسەر وڵاخەوە ، ئەیان بردنەوە بۆ ناو ئاوایی بۆ منالە وردکە گەمەیان پێ بکەن .

بەراز نەبوو رزگاری ببێ ئەو سوارانەی ئەنیشتنە سەریان چێوت بنایە بەورگیانەوە نەئەگەڕانەوە ، پانزەی تر ئەچونەوە شوێنیان، تاقمێك ئیشیان هەر ئەوە بوو رێی چەمیان لێ بگرن و نەیەڵن خۆیان بکەنەوە بە بیشەڵانەکەدا ئەی لە عەشایەر کە ئەکەونە تاودان و دەست وەشاندن ، بۆ چی بەرازێك بەسەلامەتی دەرچوو لەدەستیان .

دەمەو ئێوارەکە لەبێسانسور کوبوینەوەو یەکمان گرتەوە سەیرم کرد لەولاوە کوێچکەبەراز بە خەروار هەڵدراوەتەوە چەند زەلامیکیش خەریکی چەور کردنی شوێن برینەکەیان و خۆی پێوە کردنیان بوون ، تاکو بۆ گەن نەکەن و سبەینێ بە پیکاب بیان نێرن بۆ مەرکەزی ناحیە یا خود بۆ شار بۆ پارە وەرگرتن ، بەو حسابە من مەزندەی پەنجا دینارم لە گویچکەکان ئەکرد ، هەرراو کەرەش بەشی خۆی لای مەلا نوسیبو ، بۆ ئەوەی لەوسەرەوە کە پارەکە هاتەوە بەو پێیە وەری بگرێت .

ئەمەواو ئەو شەوە بەگۆشت برژاندن و باسی راوەبەرازی ئەو رۆژەو چاخواردن و جگەرەکێشانەوە رامان بواردو بریار وابوو زوو لێی بنوین تاکو سبەینێ بەیانی زوو بچینە دامێنی (دسکرە) لەوێ راو دامەزرێنین ، بەڵام من لە خۆشیدا هەر خەوم لێ نەکەوت هەر خوا خوام بوو زوو دنیا روون بیتەوەو دەست پێ بکەینەوە .

ئێوە ئەڵێن چی ؟

ناظم دڵبەند : ئامادەی کردوە .

پ١ _ ئیلتزام لە ئەدەبدایان بڵێین « ئەدەبی ملتزم » چی دەگەیەنێ بەلای ئێوەوە ؟

پ٢ _ ئایا تازەکردنەوە لەشیعر چی ئەگەیەنێ ؟ هەلواسینی کێش وقافیە ... خنکاندنی ناوەڕۆك ... ؟

« لە ئەنجامی ئەو گۆڕان و گەشەکردنەی سەرجەم لایەنەکانی پیشەسازی و تەکنیکی و پەیوەندی یەکانی بەرهەم هێنان و دژواری یەکانی کۆمەلایەتی گرتۆتەوە ، هەمان گۆڕانی بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دا هێناوە بە گشتی .

بۆیە تازە کردنەوە ، لە هەموو مەیدانێکی ژیاندا بە کارێکی پێویست دەزانرێت و بگرە خۆی لە خۆیا یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی لە رووی ئەدەبیەوە هەندێك لە نوسەرو شاعیرانمان تازە کردنەوە بەلایانەوە ، لە سنوری ناوەڕۆك ناچێتە دەرەوە .. چارەسەر کردنی مەسەلەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی واتە کردنی ئەدەب بە دروشمێکی سیاسی زەق و رووت کردنەوەی لە هەموو سیفەتێکی ئەدەبی و هونەری . نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە چەند ناوەڕۆك پێشکەوتوبێت و مەبەست خاوێن و گوزاری بێت، ناتوانێ مۆرکی تازەکردنەوەو کاری هونەری بە خۆیەوە بلکێنێ ئەگەر ئەو تازە کردنەوەیە هەر دوولایەنی بەرهەمەکە نەگرێتەوە، کەشێوەو ناوەڕۆکە » .



● محسین ئازارە

● فەرید زامدار

بۆیە بە پێویستمان زانی دەنگی چەند شاعیرێکی لاو لەو رووە بەرز بێتەوە ... دەربارەی تازەکردنەوەو ئیلتزام لە ئەدەبدا ...

بروانە ل : -٧-

کاری کرێکاری هەژار

چاوە زەردەکانی لە بن لێفەشرەکە هێنایە دەر گوێیەکانی شل کرد وە بە ووشەی « اللەاکبر .. اللە اکبر زرنگایەوە هەندێ خۆی هێناو برد پاش کەمێ راست بۆوەو لە سەر بانەکە هاتە خوارەوە ، بە پەلەهەندێ بلێ یەك و دووجلەکانی ئیشی لە بەر کردو لەسەرچیچکان دانیشت پاروە نانەکی ووشکی نایە ناو دەمی ، چایەکی خەستی بە سەر کردو پێلاوە دڕاوەکەی خستە سەر پێی ولەدەرگای ماڵ چووە دەرەوە . رێگای مەیدانی کریکارانی گرتە بەر ، پاش ماوەیەك گەیشتە مەیدانەکە ، چاوە زەردەکانی لە سەر خۆ بە هیواشی بڵند کردو تەماشایەکی ناو مەیدانی کردو دیتی هێشتا زۆر زووە ، هەر کەس نەڕۆییوە بۆ ئیش .

ئەمیش هەر وەك ئەوانی تر خۆی خزانە پاڵ دووکانەکان بە ماتی بۆی راوەستاو کەوتە چاوەڕوانی . خۆر لە سەر کەلی شارە کە بەرە بەرە خەریك بوو بەرز ئەبۆوە ، وەستا چاوە چنۆکەکانی کریکارەکانیان هەڵئەبژاردو وەك بڵێی گیانی کریکارەکان بکرن و بفرۆشن تێکیان هەڵئەشیلاو سەرو بنیان ئەکردن ، ئۆتۆمبیلەکان خەریك بوون شەقامی شارەکەیان ئاوە دان ئەکردەوە ، دووکانەکانی ناو شار گشتیان کرانەوە .

ئەمیش لە سەر شوستەی شەقامەکە لەگەڵ چەند کەسێکی تر راوەستابوون ، چاوەڕوانی یەکیکیان دەکرد !

تۆ بڵێ بۆ چی چاوەڕوانی بکەن .. هەر بۆ ئەوەی بیان باتە ئیش !

بەڵام وەك بڵێی ئیش لە دونیا دا نە مابێ ، پالەوانەکەمان ئەوەندە راوەستا بوو ، بە سەر پێوە قاچەکانی لە هێز کەوتبوون هێزیان لە بەر دا نەمابوو ..

رۆژهەلات .. پۆلیسی سەر شەقامەکان و فەرمانبەرەکان هەر یەکە بۆ ئیشی خۆی دەچوو ، ئەمیش هەر لە سەر شۆستەی شەقامەکە راوەستابوو .. کات ژمێرە کەش لە سوورانەوە دا بوو ... ئیتر چی تر هیوای بە راوەستان نە بوو . لە سەر خۆ دەستی هێنا بە چاوەکانی و رێگەی ماڵەوەی گرتە بەر .

ئەبوبەکر خۆشناو

پۆستەی خوێنەران

× **بۆ خاوەنی پارچە شیعری (ماتەمینی)**

قوربان لەبەر ئەوەی ناوی خۆتان نەنووسیوە نەمانتوانی شیعرەکەتان بلاو بکەینەوە .. ئیتر شیعرەکەشتان هەر چۆن بێ باسی ناکەین چونکە ناوو نیشانی خۆتان فەرامۆش کردوە .. داوای لێبوردن ئەکەین .

× **کاك تیشکو :**

شیعری بووکە سورە ناو بەناو چەند دیرێکی نایابی تیایە ئەگەر بیان خەینە سەریەك و خراپەکانی لابەین ماناکانیان پێکەوە جۆش ناخوات .. ئەوەی کە بەقسمەت بوو ئەوا بلاوی ئەکەینەوەو هیوادارین لەمەدوا زۆر تر خۆت بە نوسینەوە ماندوو بکەی ..

دلدارێکم
بووکە سوورە دلدارمە
من ئاوازی ناو دەروونی هەستیارێکم
من هۆنراوەی ناو کەشکۆلی شاعیرێکم
رێبوارێکم لە دەروونی هەمو رێبوارێکی پاکا
بەدی ئەکرێم
من هەلبەستی شاعیرێکم
لەسەر دێرو وشەکانیا
باسم ئەکرێ
بەلێ گیانە .. دلدارێکم
دەزگیرانم
بووکە سورەی لێو ئاگرین
دەزگیرانە .. دەزگیرانە

× **کاك نەجم رەنجدەر لە کەرکوك :**

ئەوەی لە شیعرەکەتا سەرزەنشت کردوە با جارێ بمێنێ ئەوەندەی کە بۆ بلاو کردنەوە شیا ئەوا بلاوی ئەکەینەوە :

کاتێ کوێر بووم
دەستەکانم بە دوای چاوەکانم دا
هەر ئەگەڕان

شارەکەمان ...
دەرگاکانی داخرابوو !
....

× **بۆ خاوەنی چیروکی (لەو پەڕی شارەوە) :**

قوربان چەند جارێك چیروکەکەتمان خوێندەوە خوا ئاگای لێیە ئەوەندەی لێ تێ نەگەیشتین بزانین باسی چی ئەکات ئەو رەمزو رەمزکاریەی کە جەنابت بەکارت هێناوە جاران ئەو رەمزانەلە شیعرا بەکار ئەهێنران.. باوی ئەو سەردەمەش وەکو بەفرەکەی پار تواوەتەوە .. ! جەنابت نوسیووتە :

(_ چاوە قوپاوەکانی خواردەوە. _ یان _ سێبەرە تووڕەکانی بن گۆمەکانی ئەسووتان .. !!

کاکی برا ئەمانە لە رستەی ناو شیعری پارو پێرار ئەچن .. ئەم جۆرە رێبازە کە کەوتە ناو ئەدەبی کوردیمانەوە دوای ئەوە لە تاقی کردنەوە دەرنەچون و کورد واتەنی (لەکێ دەرنە چون) خاوەنەکانیان بلاوەیان لێ کردو وازیان لێ هێنا .! ئەبێ ببوری لەوەی لە چیرۆکەکەت نەگەیشتین و نەمان توانی بلاوی بکەینەوە .

برام .. وا تێ نەگەی باوەڕمان بە گۆڕان نیە بەڵام گۆڕان تا گۆڕان کەوتوە .. نەت بیستوە کورد وتویە :

(هەمووشتێك بە خوێ و خوێش بە مانا !

هەرچونی بیت ئومێدەوارین زورترو باشتر بیربکەیتەوە وبنوسیت ، پەیوەندیشت گەرمتر بکەیت بەهاوکاری یەوە .

× **کاکە سەرسام هونەرمەند :**

ئەو باسەی لە بارەی میژووی هونەری کوردیەوە بۆت ناردبوین وابزانم زۆر زانستیانە نەبو ، چونکە ئەم جۆرە نووسینانە ئەبنە ماڵ بەسەرمانەوە نەمانتوانی بە بێ بنچو بناوانێکی روون کە رەخنەمان نەیەتە سەر بلاوی بکەینەوە ..

جەنابت سەرەتای پەیدا بوونی هونەری کوردیت بەستوە بە سەرەتای حەفتاکانەوە (واتا پارو پێرار)! ئەی چی لەوە بکەین کە لە پیش زاینیدا بە هەزاران ساڵ هونەری کوردی بووەو ئیستاش ئەو پارچە قاپو قاجاخانەی کە لە گۆڕە هەلکەندراوەکانا ئەدۆزرێنەوە مرۆڤی ئەمرۆ سەرسام ئەکەن .. هونەری هەوورگەری و بەرد تاشی و سەمای میللی و ئاوازی گۆرانی لەگەڵ دروست بوونی کۆمەلگای چینایەتیدا پەیدا بوون .. ئینجا لەبەر ئەوە لە بلاو نەکردنەوەی ببورن .

بروانە ل : -٧-

وەزارەتی راگەیاندن
دەزگای هاوکاری چاپ و بلاو
کردنەوەی کوردی

بۆزانین

ئەم وەزیفانەی خوارەوە لە میلاکی ئەم سالی دارایی ئەم دەزگایە دا شاغیرن . ئنجا ئەو کەسانەی مەرجی وەرگرتنیان تیادایە وەکو بەرامبەر بە ناونیشانەکانی نووسراون . تاوەکو رۆژی سێ شەممە ٢-٧-١٩٧٤داواکاری پێشکەش بکەن . وەرۆژی ٣-٧-١٩٧٤ تاقی ئەکرێنەوەو لە هەمان رۆژ داچاو پێکەوتنیان لە گەلا ئەکرێ :

زنجیرە	ژمارە	ناونیشانی وەزیفە	موچەی مانگانە	مەرجەکانی
١	٣	معاون ملاحظ	٢٨-٣٥	١ - لە دەرچوانی زانستگای یاسا یا خود ئیدارە یان بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیات بێ . ٢ - زمانی کوردی بە نووسینو خۆیندنەوە بزانێ .
٢	١	مصحح	٢٨-٣٥	١ - لە دەرچوانی بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیات بێ . ٢ - بە لای کەمەوە شەش مانگ لە رۆژنامە کوردیەکاندا ئیشی کردبێ .
٣	٢	مصمم	٢٨-٣٥	١ - لە دەرچوانی پەیمانگا یا خود ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکان - بەشی وێنە - بێ ٢ - زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوە بزانێ .
٤	٢	خطاط	٢٨-٣٥	١ - لە دەرچوانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بێ . ٢ - زمانی کوردی بە نوسینو خوێندنەوە بزانێ .
٥	١	مترجم	٢٨-٣٥	١ - لە دەرچوانی کولیجی ئەدەبیات بەشی کوردی یا خود پەیمانگای زمانەکان بێو کوردی بە نووسینو خوێندنەوە بزانێ .
٦	٣	محرر	٢٨-٣٥	١ - لە دەرچوانی کۆلیجی ئەدەبیات بەشی کوردی بێ .
٧	٢	معاون محاسب	٢٨-٣٥	لە دەرچوانی کۆلیجێکی خاوەن پەیوەندی بێ .
٨	٢	مدقق	٢٨-٣٥	لە دەرچوانی کۆلیجێکی خاوەن پەیوەندی بێ .
٩	١	امین صندوق	٢٨-٣٥	لە دەرچوانی کۆلیجێکی خاوەن پەیوەندی بێ .

جەمال بابان
بەریوە بەری گشتیو سەرۆکی ئەنجومەنی بەریوە بردن

پاشماوەی : یەزیدیەکان

کردبێت مەبەستمان بە تایبەتی شاری مووسلە . چونکە هەرکاتی یەزیدیێك بهاتایە ئەم شارە بە ناوی شەیتان بانگیان دەکرد وەتوێکلە شوتیان پیا ئەدا . لەبەر ئەوە هەتا هات کێشەکە ئالۆز ترئە بوو .

سەرچاوەکان :.

١ - یەزیدیەکان - صدیق دەمەلوجی .

٢ - یەزیدیەکان لە رابردوو ئێستاکەیان - عبدالرزاق حەسەنی .

٣ - یەزیدیەکانو ئایینی یەزیدی - شاکر فەتاح .

٤ - یەزیدیەکان - عەباس عەزاوی .

٥ - مێژووی گەلی کورد - صالح قەفتان .

٦ - پوختەی مێژووی کوردو کوردستان - ئەمین زەکی بەگ .

٧ - (مختار الصحاح)ی شێخ جەوهەری .

٨ - (تراث شعبی) ژمارە -١٤- سالی١٩٧٢ ڕەدی جۆرج حەبیب لەسەر ووتاری خەلیل قەبتان .

پاشماوەی : برتولدبریخت

ساکار دا جیاوازی نیە ولێی نوسراوە (پارتۆلت بریشت ١٠-٢-١٨٩٨ / ١٤-٨-١٩٥٦ لێرە دا دەخەوێت) ئەم گۆڕەش کە وتۆتە گۆڕستانێکی نزیك شەقامی فریدریش شتراسە لە ناوەندی شاری بەرلین ، لە نێوان چەند گۆڕێکی گەورەودیار کە هێندێکیان هی خاوەن سامانەکانە ، بەلام گەورەیی بریشت وناوبانگە نەمرەکەی لە دلی ئەو ملیونەها کە سەیە کە نرخی کاری پیرۆزو سوود بەخش دەزانی .

گۆڕینو کورت کردنەوەی
محی‌الدین شێخانی
● لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری « الاقلام »ەوە وەرگیراوە .

پاشماوەی : ئێوە ئەڵێن چی ؟

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم شاعیری لاو کاك محسین ئاوارە ووتی :-

ئەدیب وکو تاکێك لە تاکەکانی ناو کۆمەڵو روداو راستیەکانی ئەژی ، بیەوێ و نەیەوێ ئەبێ بەرامبەر ئەم گۆڕینانە وەستانێکی بڕینەوەی هەبێ ئینجا وەستانێکی (سلبی یاخود ئیجابی) کە بەرهەمەکانی ئینعکاسی وەستانەکەی ئەکات لە دەربڕینی دەور گێرانی ئەو ئەدەبە لە ئیلتزامێکی ئایدولوجیدا . کە ئەڵێم ئەدیب واتە ئەدەب لە رووی ئیلتزامەوە .. چونکە لێك جیا نابنەوە و بەیەکەوە ئالاون .

ئەدیبی کۆمەلگای ئێمە لە سەر شانۆی گۆڕینێکی نوێ ئەژی تا رادەیەکی زۆر لە رووی رامیاری و ئابووریو کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و هتد ...

پێویستە بەرامبەر ئەم گۆڕینانە وەستانێکی نوێی هەبێ وە لەگەڵ رووداو پەرە پێدان و گۆڕینە رۆشەنەکان بژی بۆ راژەی ئامانجەکانی گەل و میللی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی ...

وە بەڕای من ئەدەبی ملتزم ئەو ئەدەبەیە کە ژیانی میللەتەکەی لە پێشا ببێت بە کانیاوێ لە سەر رۆشنایی ئەو کانیاوە تینوویەتی نوسینەکانی بشکێنێ ئینعکاسی خواست و مەرام و ئارەزووی گەلەکەی بکات لە ژیانەوەی تێکۆشان و داواکاری و ئارام گرتن و دلسۆزیو خۆ بە کوشت دانیش لە پێناوی .. کولنگێکی روخێنەر هەلگری بۆ روخاندنی ئەو نەریت و بیرو تەقالیدانەی کە (نەزۆکن) یا خود بلێن پەرە ناسێنن وە بە دوای ئەو بیرو راو پەندانە بکەوێت کە لەگەڵ خواستی ئەو سەدەیە ئەژی لە گەشە کردنی ژیانی گۆمەلایەتیو نەریتەکان بە مەرجێ لە هەمان کات ترکیز لە سەر جوانترین نەریتی میللی بکرێت .

ئەدەبی ملتزم .. ئەو ئەدەبەیەکە ملتزم بێ بە قضیەی گەلەکەی و ئەدەبەکەی بکا بەگڕێ ئاراستەی بەزیو و هەلپەرستو شەرخوازەکانی کۆمەلایەتی و تەلەکەبازو لوت بەرز و درۆو دەلەسەو لە خۆبایی و تەمبەلو خۆپەرستو داخ لە دڵ و نائومێدی بکات ..

ئەدەبی ملتزم ... رێگای خۆی ئەبڕێ لە ناوەڕاستی رێگا لانادا لە دروست بوونی هەر جۆرە تاقمەیەك و داوا کردنو پاڵ پێوەنان و ئالۆزاو کردنی بیروڕا .

ئەدەبی ملتزم مەشخەلی بەرز ئەکاتەوە رێگا بۆ گەلەکەی روناك ئەکاتەوە .

بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم ووتی :-

تازە کردنەوە لە شیعر من بەرای خۆم زۆر بە پێویستیەکی نەك هەر لە شیعرا بەڵکو لە گرنگیو مێژوویی ئەزانم ...

هەموو لکەکانی ئەدەبو ژیانی کۆمەڵ بە پێی پەرە پێدان و گەشە کردن و گۆڕینی ئەو قوتابخانەی کە گونجاو بێ لەگەڵ کات و بار و شوێن ، کە پێدا تێپەر ئەبین شیاوی ئەم گۆڕینانە واتە (تازە کردنەوە) بەڵام لە رووی هەلواسینی کێشو قافیە.. یاخود خنکاندنی ناوەڕۆك ئەمە ئەمێنێتەوە سەر شاعیر و شێوەی مەسەلەکە و کارتێکردنەکەی کە لە بۆ دەقەی بیرکردنە وەداو ناوەڕۆك ، لە دایك ئەبێ ...

جا ئەگەر هاتوو ئەو بیرکردنەوە یە لە بەر رۆشنایی هەلقولاوێکی راستو هەڵنجراو لە کارێزی بیرو سۆزی شاعیر بێت کە رووی کامیرەی لە زامەکان و روداو و ئەشکەنجەکانی کۆمەڵ کردبێ کە وێنەی ئەم مەسەلانە لە وێنەگای مێشکی ئەشواتەوەو نیشمانمان ئەدات لەو کاتەدا کە کێش و قافیە ببێت بە کۆسپێك بەرامبەر (ناوەرۆك) لێرە شاعیر کە هەلئەستێ بە گۆڕینی کێش و قافیە بەڕای من ناوەرۆك بڕینەوەی (تحدید)ی کێش و قافیە ئەکاتو پالی پێوە ئەنێ بۆ گۆڕینی .... ناکرێ واز لە ناوەرۆك بهێنرێ و تعبیر کردنەوەکە بە قوربانی کێش و قافیە بکرێ ... وە ناش کرێ پێش ناوەرۆك روخسار دابنرێ .

جالێرە ناوەرۆك بنەرەتێکی سەرەکییە بۆ هەموو شیعر وە بەرای من مەبەست لە تازە کردنەوەی شیعر نە هەلواسینی کێشو قافیەیە وە نە خنکاندنی ناوەرۆکە بەڵکو پاراستنی ناوەرۆکە و هەروەها نە چەمانەوەیەکی بەردەوامیە بۆ ئاوازو رێزمانی کێشو قافیە لە شیعرا .

کاك فەرید زامدار وتی :

و - پ١ :- ئەدەبی ملتزم بەلای منەوە .. خۆ بەستنەوەیە .. بە .. قەزیەیێکی تایبەتی ... یان بە بیرو باوەرێکی تایبەتی‌یەوە .. کە بە تەواوی لەگەڵ مەبەستو رێرە وەکەیدا بڕوا بە بێ لادان .. لەناوەرۆك و ... خواست و .. ویستەکانی .. بیرو ... قەزیەکە!.

ئەدەبی ملتزم لە قۆناغی ئەمرۆمانا بەلای منەوە .. ئەوە .. ئەگەینێ .. خۆبەستنەوە بە ئایدلوجیەتێکی نەتەوایەتی رەسەنو .. بە .. بیرێکی دیموکراتیانەی پێشکەوتن خواز و شۆرشگێر !!!

خۆبەستنەوە بەکاروان و بەردەوام بوون لە رۆیشتنا .. هەنگاو .. هەنگاو .. لەگەڵ سەرکردەی کاروانا .. بۆ دەر هێنانی خۆر لە گەرووی ئاسۆ خۆبەستنەوە (بە واقعی) خەباتو تیکوشانی شورشگیری گەلەوە .

و - پ٢ :- هەرشتێك - تازە - بێ ... پێویستە لە کۆن باشتر بێ و بایەخی پتر پێ درابێ و تا و بۆیەکی نوێی لێ بەدی بکرێ لە هەموو روویێکدا بوپیشکەوتنی گەلو نیشتمان .

تازە کردنەوەش لە (شیعرا) ئەوە ئەگەینێ .. گۆڕینی روخسارو ناوەڕۆك و دارشتن و پەرە پێدانی نووسینی هونەری شیعری .... بە جۆرێك لە سنوور دەر نەچێ کە لە زەلکاوی وون بوون و ... تێ نەگەیشتنا بخنکێ ... یا بە شێوەیێکی تر بلێین ریبازی .. (هونەر بۆ هونەر) بگرێت .. ... چونکە ئەم تازە کردنەوە و... رێبازگەیە پاشگەزبوونەوەی لە سەرەتادا بۆ .. نووسراوە لەبەر ئەوەی هیچ تازەکردنە وە یێك گرنگ نییە ئەگەر تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ نەبێت و هەستی نەبزوێنێ !.

جا بە رای من پێویستە شاعیری هاو چەرخ لە تازە کردنەوەی .. شیعرا ..ئەوەی لە بیر نەچێ .. لە روخسارو ناوەرۆکا .. نزیك مێشکی جەماوەربێ و ... بۆ ئەوەی نوێ کردنەوەکەی سوود بەخش بێت و داهێنانێکی تیا بێت .. ئەمەو لەبابەت کێش و .. قافیە و ناوەرۆکیشەوە ...

بەلای منەوە .. نە .. کێش و قافیە هەلبواسرێ ... نە .. ناوەرۆك بخنکێ ... چونکە کێش و قافیە و ناوەرۆك .. هەزیەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانن .. کە ئەنجامی دروست بوونی .. شیعرن !..

وە ئەگەر هەر شیعرێك ئەم شەرتانەی تیا نەبێت بەڕای من شیعر نییە !!.

بەڵام لە رووی دارشتن و روو خسارە وە پێویستی بە گۆڕینو تازە کردنەوەیێکی هونەری شیعری هەیە کە بە تەواوی خۆی لە بەرگێکی جوانو نوێ دا نیشان بدات ...

ئەو کاتە ئەتوانین بلێین - شیعری تازە - یان ... (شیعری نوێ) !..

پاشماوەی : بەبونەی تیپەڕ بوونی

بەرەنگار بوونی هێزی ئەمەریکا و سایگون بە پێی هێزو توانای شۆرشگێران لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ئەگورێت ، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە هێزی شۆرشگێرانی تێدا بە هێزەو ئامادەی هەلمەتن بە هیچ جۆریك هێزی سایگون ناتوانی سەر دەربهێنێو خۆی دەربخات بەلام لەو شوێنانەی کە تۆزێك هێزی شۆرشگیران کەم تر بێت لە هێزی ئەوان ، ئەوا دەیانەوێت جۆرەها پەرتو بیانوو بیبیننەوە بۆ لێدانی شۆرشگێرانو جەنگاوەرانی ڤیێتنام هەر هیچ نەبی ، دەڵێن‌شۆرشگێران ئاژاوە چێنو دەیانەوێت ناو چەکان بشێوێنن بۆیە پیویستە سەرکوت بکرێن .. جا لە رۆشنایی ئەمەوە شۆرشگێران چەند جارێك ویستیان لەگەلیان رێك بکەون ئەوە بوو لە ٢٢ مارتی سالی ١٩٧٤دا حکومەتی وەختیڤیێتنام پرۆژەیەکی پێشکەش بە هێزی سایگون کرد کە بریتی بوو لە شەش خالی گرنگ بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی خواروی ڤیێتنام کە ئەمانەن :

١ - پیویستە شەر لە هەموو ناوچەکانی خوا رووی ڤیێتنامدا رابوەستێو بە هیچ جۆریك‌نابێ هیچ لایەك هێرش بەرێتە سەر ئەوی تریان .

٢ - پاراستنی سەربەستیە دیموکراتی یەکانی گەل بەشێوەیەکی تەواوو نەهێشتنی هەمو جوره گرتنو ئازار دانێك بیت .

٣ - بەردانی هەموو بەندە سیاسی یەکان لە ماوەی سێ رۆژدا .

٤ - لە دوای راوەستانی شەرەوە پیویستە لە ماوەی سێ مانگ دا ئەنجومەنی نیشتمانی پێك بهێنرێ .

٥ - لە دوای پێك هێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبی لە ماوەی سالێکدا هەلبژاردنی سەربەستی‌یە دیموکراتی‌یەکان رێك بخرێت .

٦ - چارە سەرکردنی گیرو گرفتی شەر ، ئەوەش بەکەم کردنەوەی هێزی چەکداری و تەسریح کردنی ئەو سەربازانەی کە خزمەتیان تەواو کردوە ، دێتە ئەنجام جگە لەوەی کە دەبێ سوپایەکی یەکگرتوو لە ولاتدا لە دوای هەلبژاردنەکە رێك بخرێ ..

هەر چەندە شۆرشگێران بە هەموو توانایەکەوە هەولیاندا ئەو پرۆژەیە سەر بگرێت ، بەلام دەسەلاتی سایگون دانی پێدانە هێناو لەسەری نەرۆیشت لەبەر ئەوە شۆرشگێران بە گەلانی جیهانی راگەیاند کە خەتا لە وانەوەنییەو پیویستە یارمەتی بدرێن لە رزگار کردنی ولات دا چونکە جەنگاوەران شۆرشەکەیان بە بەشێك لە شۆرشی رزگاری جیهان دا دەنێن وە ئەوەی شایانی باس کردن بێت جەنگاوەرانی گەلی ڤیێتنام زۆر بە دلنیاییەوە بۆیان دەر کەوتووە کە رای گشتی جیهانی لەگەلیان دایەو زۆر لە حکومەتەکان دان بە حکومەتی وەختی ڤیێتنامدا دەنێن ، وە ئەوەی شایانی باس کردن بێت جەنگاوەرانی گەلی ڤیێتنام زۆر بە دلنیاییەوە بۆیان دەر کەوتووە کە رای گشتی جیهانی لەگەلیان دایەو زۆر لە حکومەتەکان دان بە حکومەتی وەختی ڤیێتنامدا دەنێن ، وە هەرچەندە ئەمەریکا بە هۆی سیاسەتە ئیمپریالیستیەکەیەوە دە یەوێت ئەو حکومەتە لە ناو بەرێت ، هەر لەبەر ئەوەشە کە زوربەی زۆری بنکە عەسکەریەکانی داوە بە هێزی سایگونو زیاتر لە چەند پسپورێکی عەسکەری لە ناو هێزەکانی سایگون دا ماو نەتەوە کە ژمارە یان دەگاتە نزیکەی ١٠ هەزار کەس ، جگە لە یارمەتی عەسکەری کە لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٧٠٠ هەزار تەن لە کولوپەلی شەری داوە بە سایگونو (٥٠٠) فرۆکەی شەری بۆ نار دوەو (٦٠٠) تۆپی قورسی داوەتی . ئەمە بیجگە لەوەی کە (٤) هەزار ملیۆن دولاری بە هێزی سایگون داوە .. لێرەدا شۆرشگێران زۆو باش باری ناو خۆی ولاتیان بۆ دەر کەوتووەو لە نیازی ئیمپریالیزم گەیشتون بۆیە بە هیچ شێوەیەك نایەلن تاکە تۆزێك سەر بێننە دەرەوەو هێرش بکەن ، وە نەبێت ئەم یارمەتی دانەی ئەمەریکا پشتی شۆرشگێران سارد بکاتەوە بەلکو زیاتر هانیان ئەدات وزیاتر بروایان بەسەر کەوتن پتەو ئەبێت ...

پاشماوەی : پۆستەی خوێنەران ..

● بۆ خاوەنی چیرۆکی (گوڵە ئەرخەوان) ..

قوربان چیرۆکەکەتان لەبەردورو درێژی نەمان توانی‌بلاوی بکەینەوە جگە لەوە کە لەگەڵ‌زەمینەی قۆناغی ئەمرۆدا ناروات‌و ئەوەش‌بابلێین رستەی‌دوبارە کراوەی زۆری تیا بوو .. ویستمان دەسکاری بکەین‌بەلام چونکە خۆمانت نەکردبوو بەسەرپشك نەمانتوانی دەستی‌لێ بدەین .

● کاك داود عەبدولکەریم :

گلەییت کردوە کە ناوەکەت لە پوستەی خوێنەرانا بلاو نەکراوەتەوە یان نایکەینەوە .. قوربان پۆستەی خوێنەران هی خۆتانە چۆن ناوەکەتان بلاو ناکاتەوە ..؟ بە سوپاسەوە بلاوی ئەکاتەوە . پۆستەی ئەمجارەمان تەواو بو .. سوپاسی هەموو خوێنەرانی بەرێزی گۆشەکەمان ئەکەین ..

تا هەفتەی‌داهاتو ئەکەوینەوەدەمەتەقێ لەگەڵ یەکتردا بەخواتان ئەسپێرم .

پاشماوەی : هەڵبژاردەو تۆمار

هەد رەورەوە لێ لێ ، هەد رەورەوە ، لێ دلۆ

هەنەرمە ، نەرمە نەرمە
هاوینە ، دنیا ، گەرمە
لێفان ، نەکێشنە ، سەرمە
نەرماڵە ، هۆی نەرماڵە
پێی دەلێن ، هیشکە پاڵە
هاتم نەرمێ راموسم
هێشتا نەرمێ منداڵە
منجۆلێ ، لێرە و لە وێ
لە بەر کراس و کەوێ
هەوار هەوار ، منجۆلێ
لە روحم ، خۆشتر ، دەوێ
منجۆلێ ، جایی ، جایی
دو قران ، دو بەغدایی
کەمبەرەی لە نێکانی
منجۆلێ ، کیژی ، شێخی
هێواران جێ ، رادێخی
منجولێ ، کیژی ترکە
کەمبەرەی ، فرکە فرکە

پاشماوەی : دەریا خەمی ...

شەڕ لە گەڵ (بیڕۆن) دا ئەکەم
چەك بۆ (گیڤارا) هەڵ ئەگرم
من مردنو پێکەنینم
زەردەخەنەو خوشەویستیم
پەپولەی گەشتی بەهاری وولاتانم
من هەر وێڵم وێڵم .. وێڵم
من هەر وێڵم وێڵم وێڵم
وێڵی تۆڵەی ئەو شەهیدەم
کە تەوری قین لە شارێکا
ویستی دەسکەنەی بیریکا
بەڵام ئەفسوس ئەو شۆڕشە
ی ئەو خۆشی کرد
ئەو ئاگرەی ئەو گۆشی کرد
هەرچی تەوری دنیا هەیە ئەگۆی ناخەن
هەرچی مۆری دنیا هەیە پەساپۆرتی بۆ مۆر ناکەن

پاشماوەی : لیو بن کرا فیلوف

گۆڤاری (المعارف) کە باشترین گۆڤاری ئەدەبی و کۆمەلایەتی بولگاریا دا ئەنرا لە چەرخی هەستانەوە (عصر النهضه) لە هاوینی سالی - ١٨٧٨ - گەلی بولگاریای تێکۆشەر مافی رەواو سەر بەخۆیی خۆیانیان بە یاریدەدانی سوپای سۆڤیەت وەرگرتدوای ئەوە کرا ڤیلۆڤ گەرایەوە بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەی (بولگاریا) بە راستی کرا ڤیلۆڤ جیگایەکی بەرزی هەیە لە مەیدانی رەخنەگرتن وئەدەبدا سامانە بەجێ ماوە کانیشی کە پڕیەتی لە چامەی شۆرشگێریو گۆرانی میللیو سرودی سەر کەوتنو هلدان بۆسەر دوژمنو باسی لێ هاتوییو چاکیو ئازایەتی گەلی بولگاریای تێکۆشەر تێکەڵ بە هەستو بیرو باوەرە پۆلاییەکەی شاعیری ئەبووە هۆی درکاندنو وە دیار خستنی ئازایەتی وکارامەیی شاعیر ، ئەم پیاوە وەفا دارە لە خەبات وتیکۆشان خزمەت گوزاری گەل ووچانی نە ئەدا تاکو لە سالی -١٨٧٩- پەنجەی ئاسنینی مەرگ لە دڵ وهەناوی چەقیو وزەی لێ بریو بە یەکجاری سەری نایەوە .

جەلال مەولود سنجاری
لە گۆڤاری (بولگاریای نوێ)وە کردویە بە کوردی

پاشماوەی : کورتە چیرۆك

نەماو خەم دای گرتنو بریاریان دا ئەگەر سالێکی تریش بەم جۆرە منالەکانیان لە قوتابخانە هەر دەرنەچن ئەوا ئیتر واز لە خوێندنەکەیان دێننو ئەیان کەن بە شوانی بەرخەل ..

ئینجا چەند خۆشە ئەو قوتابیە ژیرە بە سەلیقانە کە باوکو دایکیان رەنجیان لە گەلا ئەدەنو قەلەمو قاقەزیان بۆ ئەکرنو رۆژانەیان ئەدەنێ نەیەلن رەنجی باوکو دایکیان بە فیرو بڕواتو گوێ رایەلی مامۆستاکانیان بنو شتیان لێوە فێر بن ، بۆ ئەوەی لە تاقی کردنەوەی سەری سالدا دەربچن ..

ئافەرین بۆ ئەو قوتابیە ژیرە ئەم پەندە ئەگرێتە گوێو فەرامۆشی ناکات .

- وەسمان -

پاشماوەی : لەئەدەبیاتی بێگانەوە

لە گەردوگوڵی بەرە بەیانی رەشو سپیی ، رۆژانی هاوێن ،

ساتێ کە پەنجەرەی تار ، سەر ئاوەلە ئەکرێو واز ئەبێ باڵندە وێژینگ بردوەکان ، لە گیانەلادانا ، ئەیقوزنەوە .
پەیتا پەیتا ، لە نێو چریسکەو شەبەقیا ،
بەرامبەر ئەو چاوە پڕ لە کوتکە خەوە روچوە ،
تۆزی خەمو سەرگەردانی لێ ئەتکێ !!
ئەو رۆژانەی کە رۆیی و ناگەرێتەوە ...
بە تاسوخو بەنگینو قنجە ، وەك ئەو ماچانەی کە :
پاش مردنی دلدارەکان ، یادی ئەکەینەوە ،
شیرنو بە داوو دڵو بە بقە بقە ، وەك ئەوەی کە :
ئەندێشەی چەپ ئەنداز ، بەدی ئەکا ،
لەسەر ئەو لێوانەی کە هینی خۆیان نیە ،
قوولە وەك : خۆشەویستی ، قوولە وەك : یەکەم خۆشەویستی ،
سەمەرەیەکی مەزنە ، پاشگەز بونەوەو داخو کۆڤانە .
ئاخ ، ئەی مەرگی ناو ژیان
تۆ ، ئەی ئەو رۆژانەی ، کە رۆیشتیت و ناگەرێیتەوە !!

خاش بە .. خاش بە

خاش بە ، خاش بە !
لە سەر تاوێرە بەردەکانی سورهول تا ، داکاسێ
ئەی زەریا دیخ دیخو خاش بە !
چەند ئەلهام ئەکرد ، گەر لغە لغی زمانم ، بیوێرایە
هەمو ئەو هەستە بە هنگو دەنگانەمی ، بکەلژاندایەو دابیژتایە ، لە تەك ئەو ئەو بیرە جوشدارەما ..
ئاخ ! دلخۆشیی .. بۆ ئەو کوڕە راوکەرەی
کە ناوە ناوە ، لەگەڵ خوشکیا وازی ئەکاو لە پاشا ،
ئەکەونە مل ملانێو هەرا هەراو پرتەو بۆلە ..
خۆشبینیی .. بۆ کوڕی زەریا
کە تاو نا تاوێ ، لەناو بەلەمێکی قشتیلەی ئاقاری بەندەرێکا ،

ئەکەوێتە گۆرانیو چریکاندن ..
بۆ ئەو پاپۆڕە مەزنانەی ، کە لە رێگای هاتو چونی دا ئەخزێتە ، بەندەری ژێر گردۆلکەکان
بەلام .. مخابنو هەزارەها داخ !!
بۆ تەزوی دەستێك کە رۆییو وون بوو !
بۆ لەرەی دەنگێك کە کپو خامۆش بوو !
دەخاش بە ، خاش بە ، خاش بە ،
لە سەر تاشە بەردەکانی هەلدێرت
ئەی زەریا ، وەرگەڕیو خاش بە !!
چونکە شاکە شاکی خەنیو خۆشی ، رۆژێکی بۆ ڕخواردو بۆم ناگەرێتەوە !!
نە .. ناگەرێتەوە !!

دوو تەپڵەی کوردەواری

ئەردەڵان

کوردەواری هێشتا پێی لەسەر قۆناغی دەرەبەگایەتی نەگوێزابووەوە ئەم نەرێتە لەناوچوو .. لەکاتی لەشکر ڕێکخستنی میرنشینەکانی کوردەواریدا هەر هەزار سوار دوو تەپڵەیەکیان بۆ لێ ئەدرا .. تاکو شەڕی دووەمی جیهانیش دەستی پێ کرد لەناو میرنشینە کوردەکانو قەڵەمڕەوی دەرەبەگە بە دەسەڵاتەکانا لەشکر کۆکردنەوە بە دەنگی دووتەپڵە ئەکرا ..

تەپڵ لێدەرەکان بە تایبەتی فێری ئاوازی لێدانی تەپڵەکان ئەکرانو سوارەکانیش بە پێی مومارەسەی ڕۆژگاریان لە دەنگی دووتەپڵەکان تێ ئەگەیشتن ..

ئاوازی یەکەم :

سوارەکانی کۆ ئەکردەوەو سوار ئەبونو بەریزێك یان بە چەند ریزێك لەلای هوردوگاکەوە یان لە مەیدانێکی دیاریکراو یان لە دەرگای ماڵی میر رائەوەستانو ڕێچکەیان ئەبەست ..

ئاوازی دووەم :

سوارە ملی ڕێگای ئەگرتو بەرەو شوێنی مەبەست ئەکەوتنە ڕێو لە ڕێچکە لایان نەئەدا ..

ئاوازی سێیەم :

هانی سوارەکانی ئەدا بۆ پەلامار بردنو شەڕ کردن لەگەڵ دوژمندا ..

موسیقای مارشی شۆڕشگێڕی ئەمڕۆ کە لە هۆردوگاکانا لێ ئەدرێ هەر لەسەر ئەو بنچینەیە بە هۆی شەڕە جیهانگیرییەکانەوە شارستانیێتی سەربازی بە هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە مەسەلە تەکنیکییەسەربازیەکان یەکانگیر بوونو ئەلێك شتی تازەهاتە روو نەرێتە کۆنەکانیش یان گۆڕان وە یان بە تەواوی لەناو چوون .

لە شەڕی عەشیرەتگەریو ناوچەیی نێوان خێڵە کوردەکانو میر نشینەکانا با ژمارەی سوارەکانیش لە هەزار کەمتر بوونایە هەر لەبەر پڕوپاگەندەی سەربازیو دوژمن ترساندن هەر کۆمەڵە سوارێك دوو تەپڵەیەکیان لێ ئەدا .

دوازدە سوارەی مەریوان کە شەو پەلاماری لەشکری قاجاریەکانیان دا لە دەشتی مەریواندا هەر سوارەی لە لایەکەوە بە جیاوە بە دووتەپڵە لێدانەوە خۆیان کرد بە ناو هۆردووی قاجاریەکانا .. دوژمن حیسابی دوازدە سواری نەکرد! بە پێی حیسابی سەربازی بە دوازدە هەزار سواری دانان .. ئەمەیە پیلانی دوژمن ترساندنو سەرکەوتن بەسەر دوژمندا ..

دووتەپڵە ناوی دووتەپڵە بوو ئەگەرنا سێ تەپڵ بوو .. لەبەردەم سوارەکەدا لە سەر کەلپۆسی زینەکە تەپڵێکی گەورەو لەم لاو لەو لایەوە دووتەپڵی بچوکو پیکەوە بەستراو دائەبەستران .. تەپڵ لێدەرەکە هەرسێ تەپڵەکەی بەکار ئەهێنا .

کوردەواری ئەمڕۆمان دوو تەپڵەی دوێنێی ون کردووەو هێشتا دەستی بە مارشی سبەینێش نە گەیشتووە ! خۆزگایە دووتەپڵەی کوردەواریمان بە وەجاخ کوێری نەمایەوە ..

○

جوتیاری ئەمڕۆ یان دوێنێیە .. ؟



عیراقی خۆشەویستمان تاکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم زۆربەی ناوچەکانی وەکو زوربەی ناوچەکانی ئێستای کوردستان بەهیستروگا جوتیان ئەکردو ڕۆژی پارچە زەویەکی کەمیان دائەچاند .. ئیستا بەهۆی ئامێری تازەی کشتوکاڵو چەرخی مەکینەی دروێنەکردنەوە لە ناوچە دەشتیەکانا جۆری هێنانە بەرهەمی کشتوکاڵ گۆڕاوەو تارادەیەکی باش پێشکەوتووە بەڵام ناوچە شاخاویەکان زۆربەی جگە لە مانەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیو نەرێتی عەشیرەتگەری و ڕواڵەتی ڕۆژگاری کۆن هێشتا بەگاو هێستر جوت ئەکەنو کشتوکاڵ لەشێوەی پلەی باش سەرەتاییدا دێتە بەرهەم .

تاکو جۆری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لەوڵاتەکەمانا نەگۆڕێو کەرەستە بەرهەم هێنەرە کۆنەکان لەناو نەچنو ئامێری تازەی کشتوکاڵ نەیەتە کایەوەو دەرەبەگایەتی نەرێتە گۆڕەوەو فەلاح نەبێتە خاوەن زەوی خۆیو ... هەرزانیو ژیانی ئاسودە هەر داستان ئەبێ .

○

گوڵزاری شیعر

بڵێن بەو بووکی تازەی یەکشەوە گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ : خۆی بۆ وەتەن کوشتو لەرێ عیشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو ، لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردە کردبۆ من لە دامێنی چیاو کەژیا

- گۆران -

ڕووداوە کۆنەکان

گەلێك ڕووداوی کۆن بێ سەروشوێن کەوتوون ! ئەو ڕووداوانەی کە ماونەتەوەو ئێمە ئێستە قسەیان لێوە ئەکەینو بووە بە زەخیرەی گفتوگۆ کردنمانو هەندێکیان پەندیان لێ وەر ئەگرین ! لە کاتی خۆیا لەسەر ڕوی تاشەبەردو سواڵەت نوسراونەتەوەو ماونەتەوە .. **بە هۆی نەبوونی کەرەسەی نوسینو چاپەمەنیەوە تەنیا ڕووداوی شەڕو شۆڕە گەورەکانو نووسراوەی پادشایانو شتی بەکەڵك نەبێ ماوە ئیتر دەسەڵات نەبووە شتی تر بنووسرێتەوەو ببێتە یادگارو نەوەی ئەمڕۆمان سوودی لێ وەر بگرێ ..** هونەری گۆرانی لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا دروست بووەو لە سەرەتای پێویستدا هونەری

مۆسیقاش لە دایك بووە .. موسیقا لە سەرەتاوە جێگای چەپڵەی گرتۆتەوە کە ئێستەش لە کوردەواریدا لەگەڵ گۆرانیدا لێ ئەدرێ .. بەرە بەرە جێگای خۆی گرتو تا ئێستەش لە جموجوڵو تەکاندانایە بەرەو پێشکەوتن مل ئەنێ .. ئەم دوو وێنەیە ڕواڵەتی دوو تیپی هونەری موسیقای سەردەمی سومەریەکانن کە ٢٦٠٠ ساڵ بەر لەزاینی بووەو لەسەر دوو تاشە بەرد هەڵکەندراون .

ئاگاداری‌یەك

بۆ خوێنەرانی بەرێزی ڕۆژنامەی هاوکاری لەگەڵ ڕێزگرتنا ، ئاگادارتان ئەکەین کە لە ڕۆژی ١-٧-٩٧٤ وە بارەگای هاوکاریو دارودەستەی ئەگوێزرێتەوە بۆ (دەزگای چاپو بلاو کردنەوەی هاوکاری)و پەیوەندی بە (دار الجماهیر)ەوە نامێنێت .. تکایە بەم ناوو نیشانەی خوارەوە لەمەولا نامەمان بۆبنێرن یان دیدەنیمان بکەن . ئیتر سوپاس .

بەغداد :
ساحەی خەلانی دەزگای چاپو بلاو کردنەوەی هاوکاری
- ئیدارەی ڕۆژنامەی هاوکاری

- هاوکاری -

بۆنان ئەگێڕمەوە

پوورم گێڕایەوە وتی :

گڵەبانان دیدەم کەن ! ئێوەش بە خۆتان ئەڵێن هەرزەکار .. خوالێ خۆشبوو تا ئەو ڕۆژەی ژیانی پڕ لە مەینەتی بە جێ هێشت ڕۆژێك بە بێ فرمان لەماڵەوە دانەنیشت .. هەر هیچ نەبوایە پڕ قەڵبیرێك گوڵە بەرۆژەی ئەبردو بەو زستانە ساردە سەروگوێی خۆی دا ئەپێچاو لە مەیدانەکەدا بە لایەوە دائەنیشتو ئەی فرۆشت .. ئەم خانووەی بە ڕەنجی شانو ئارەقەی ناوچاوان کردەوە .

ئێستەش بەنا شوکری ناڵێم (لە جێی شابازان ، کۆر کۆرە وازان) !!

ژمارەی سپاردنی ڕۆژنامەی هاوکاری بە کتێبخانەی نیشتمانی لەبەغدا (١٥٦)ی ساڵی (١٩٧٤) ـە .

برتۆلد بریخت

برتولد بریشت لە ١٠-٢-١٨٩٨ لە شاری ئوکسبورج لە دایك بووەو لە ١٤-٨-١٩٥٦ لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە .

یەکێك بوە لە نووسەرەمەزنە مارکسیەکانی سەدەی بیستەم هەروەها ئەم شاعیرە شاعیرو دەرهێنەری شانۆگەریوچیرۆك نووسێکی بە ناوبانگ بووە .

پزیشك گەری وزانیاری سروشتی لە میونخ خوێندووەو باوکیشی بەڕێوەبەری کارخانەیەك بووە . لە جەنگی جیهانی یەکەم دا سەرباز بووە ولە ساڵی ١٩١٨ لە ئەنجومەنی سەربازان لە شاری ئوکسبورج ئەندام بووە . لە میونخ لە سەر خوێندن بەردەوام بوو ، دراماو دەرهێنانی شانۆگەری بۆ خۆی هەڵبژارد . لە ساڵی ١٩٢٢ خەلاتی (کلادیست)ی کتێبی (تەپلی شەو) بوو کە بەهۆیەوە چارەسەری ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلاریزانی ئەلمانیای کرد .

لە ساڵی ١٩٢٤ چوو بۆ بەرلین وە لە ساڵی ١٩٢٨ خۆی گەیاندە قوتابخانەی مارکسی کرێکاران لە بەرلین بۆ خوێندنی بیرو باوەڕی مارکسی ، یەکەم سەرکەوتن کە وە دەستی هێنا دانانی شانۆگەری بو . (ئۆپرایەك بەسێ قرۆش) بوو . لە ساڵی ١٩٣٠ بە هاوکاری مۆسیقاژەنی ئەلمانی (ئایزلەر) چەند سرودێکی ڕامیاری ئاوازدارو فلیمێکی ریالیزمی بەناوی (کولە فامپە) دەرهینا . لە ساڵی ١٩٣٣ کە نازی‌یەکان کاری باری وولاتیان گرتە دەست ، بریشت بە نەمساو سویسراو فەرەنسا تێپەری وبەرەو دانیمارك کەوتە ڕێگا . لە ساڵی ١٩٣٥ لە پاریس بەشداری کۆنگرەی نووسەرانی جیهانی کرد .

وە لە ساڵی ١٩٣٦ بە یارمەتی دوو نووسەری ئەلمانی فیلی بریدل وە لیون فویشتگانگەر ، بە شداری دەر کردنی گۆڤارێکی وێژەیی ئاوارەکانی کرد ، کە لە ژێر ناوونیشانی (ووشە) لە مۆسکۆ دەردەچوو . لە دوایی دا چوو بۆ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ولە ساڵی ١٩٤٧ گەڕایەوە بۆ ئەورووپا . لە سەرەتا دا لە سویسرا نیشتەجێ بوو لە پاشان کۆماری ئەلمانیای دیموکراتی کرد بە بارەگای هەمیشەیی خوی وە بەیارمەتی ژنە ئەکتەرەکەی هیلینا فایگیل ، شانۆیەکی بەناوی خۆی دا مەزراند . وە لە ساڵی ١٩٥١ خەلاتی نیشتمانی ئەلمانیای دیموکراتیو لە ساڵی ١٩٥٤ خەلاتی لینینی پێ درا . لە دوای جەنگی گیتی یەکەم دەستی کرد بە هۆنینەوەی هەلبەست دژی شەڕو شۆڕو چەندین کتێبو ونمایش نامەی دانا .

شی کردنەوەی دیالەکتیکی ڕووداوو کارەسات شێوازی سەرەکی بریشت بوو . وە وای لە بینەر دەکرد کە لە دووداودا دەگەڵ ئەکتەر بیربکاتەوەو بچێتە ناخی ، هەروەها بریشت بە شێوەیەکی پوخت بیروڕای نووسەرو شاعیرانی پێشووی وەردەگرت ، وبە شێوەی تایبەتی خۆی دای دەڕشت ، بۆ وێنە ئۆپەرای بەسێ قرۆشی لە ئۆپەرای سواڵکەران وەر گرت کە نووسەری ئینگلیزی جۆن گای ساڵی ١٧٢١ دای نابوو .

ئیمڕۆش بارتۆلت بریشت گۆڕێکی سادەو بچووکی هەیە کە دەگەڵ گۆڕی خەلکی هەژارو

پروانە ل ٧

هەموو شتێك بەرەو پێشکەوتن مل ئەنێ

سروشت لەگەڵ خۆیا هەمووشتێك ئەگۆڕێ .. ئاوو هەوا دارو بەرد مرۆڤو گیان لەبەرکانی تر ، هەمویان لە گۆڕاندان .. هەریەکەی بە جۆرێك .. دوا پلەی پێشکەوتنی مەیمون تا ئێستە ئەوە بووە لەگەڵ دانیشتوانی خێزانەکاندا هەستاوەو دانیشتووەو ئیشی ناو بازاڕی کردووەو هەندێك ئیشی ناو ماڵیش فێر بووەو ..

بەڵام وا ئێستا خەریکە مەیمونی تەکنیکی دروست ئەبێ و دەسکاری چەرخی پیشەسازی ئەکات ..

لەم وێنەیەدا مەیمونێکی تەمەن مام ناوەندی خەریکە فێری مەشقی لێ خوڕینی ئۆتۆمۆبیل ئەبێت .. ئاخۆ لە ڕۆژگاری داهاتودا چی تر لە ئادەمیزادەوە فێر ئەبێت .. ڕاستە هەندێ کەس لەو باوەڕەدان مەیمون کە لە بەری پاشماوەی مرۆڤ پڕ ئەکاتەوە !

سەیرو سەمەرەیە !

ئەم پیاوە ناوی ریتشارد لیترە لە ساڵەکانی (١٨٣١ تا ١٩١٤) ژیاوە .. ریشی هەژدە پێ درێژە واتا شەش یاردە .. ئەمە یەکەمین کەسە تا ئێستە ریشی ئەوەندە درێژ بووبێت و پەروەردەی کردبێ .

دەیەمین میهرەجانی گۆرانی جیهان

لە ڕۆژی ٣ی مانگی حوزەیرانەوە تا حەوتی مانگ لە هەمو ناوچەو کەنارەکانی دەریای ڕەش (سلانتشیف بریاگ) هونەرمەندان ئەم میهرەجانەیان گێڕا .. وە ناویان نا (ئۆرفیوسی زێڕین) .. ئەم میهرەجانە هەموو ساڵێك ئەبێ بەڵام هینی ئەمساڵ هەر زۆر ڕازاوەو جوان بوو .



٢٢٠ گورانی بێژی جیهانی لە قارەکانی ئاسیاو ئەمەریکاو ئەورووپاو ئوستراڵیاو لەگەڵ چوار گۆرانی بێژی بلغار بەشداریان تیا کردوە .

ئەو گۆرانیانەی پێشکەشیان کردوون ڕاستەو خۆ لە بارەی بیرەوەری میهرەجانی یوبیلی دەیەمەوە ئەدوێن .. گورانیەکان ئۆقرەیان لە گوێگر ڕادیۆو بینەرانی شاشەکەو میوانەکانی (ئۆرفیوسی زێڕین) هەڵگرتبوو . ئەوانەی لە نۆ میهرەجانەکانی پیشو سەرکەوتوو بون خەڵاتی یەکەمینیان پێ درا .. وەکو : (ماریا باهو منکو ، بوگدانا نی کارودوشیفا ، ماریون رونگ) وە هینی تر .. ڕودوای میهرەجانە کە بە هۆی دەزگای (ئەنتەر فیزیون) وە ترا تەلەفزیونی ئەورووپاوە پێشکەش بە هەندێك ناوچەی وڵاتان کراوە .

○

دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە



دو زەحمەتکێشی کوردو عەرەب لە کێڵگەیەکدا ئیش ئەکەنو ئەمڕۆ ئەچێنن بۆ ئەوەی سبەینێ بدروونەوە .. ماندوێتی ئارەقو ژانو برسێتی ئەمڕۆ بە خۆشیو حەوانەوەو تێروتۆخی سبەینێ ئەگۆڕنەوە . شاعیری نیشتمان بەرەوڕ هاو بیری ڕەنجبەرانی کورد بووە بۆیە وتویە :

قەزای ئەو داسە ئەو ساوی کە تیژ بێ
لە دوسەد بڕنەوی دەسکاری ئەڵمان
قەزای ئەو تۆزی گا گێرەی سەپانە
لە دوسەد قەسرو کۆشکی میرو خانان

ڕەنگ بێ باوەڕ نەکەی ..!

ئەم فیلە ناوی (فوفا)یەو لە باخچەی گیان لەبەرەکانی کۆماری ئەرمینیای سوڤیەتیدا ئەژی .. چوار زمان ئەزانێ ! وەکو ئینگلیزیو ئەڵەمانیو روسیو ئەرمەنی .. بە هەر زمانێك لەم چوار زمانە قسەی لەگەڵا بکەی تێ ئەگاتو بە پێی ئامۆژگاریەکانت ئەروات بەڕێوە .

○